# ئەرمەنستان و ئەرمەنییەکان

ڕێبوار کەریم وەلی

**(١)**

نەتەوەی ئەرمەنی لقێکە لە خێزانی مەزنی نەتەوە هیندوئەوروپاییەکان و بەڕێڕەوی مێژوودا و بەهۆی زنجیرەیەک ڕووداوی مێژووییەوە لە قەدە سەرەکییەکەی خۆی جیابۆتەوە و کەوتۆتە سەر سنوری نێوان هەردوو کیشوەری ئەوروپاو ئاسیا. بەدرێژایی مێژوو، لەگەڵ پەیدابوونی مەفهومێک بەناوی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، وەکو پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو شارستانیەتە ڕۆڵی بینیوە و لە هەمانکاتیشدا خۆی بووە بەشارستانیەتێکی سەربەخۆ.

زۆربەی هەرە زۆری پێکپڕژان و پێککەوتنە شارستانیەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لەسەر خاکی ئەم شارستانیەتە

روویانداوەو، ئەم ناوچەیەی کە ئەرمەنیەکان تێیدا ژیاون، بووەتە گۆڕەپانی ساغکردنەوەو بەتاڵکردنی هێزی بازووی جەنگاوەران.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەم ناوچەیەو میللەتەکەی بەدرێژایی مێژوو فاکتۆری سەرەکی بوونە بۆ گوێزانەوەی شارستانیەتەکان لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاواوەو، بە پێچەوانەوە. ئەم رۆڵە لە کۆندا لە نێوان رۆم و ئەشکانییەکاندا و دواتر لەسەردەمی چاخەکانی ناوەڕاستدا لە نێوان ئیمپراتۆربیەتی رۆمی رۆژهەڵات (بیزانس) و عەرەبەکانداو، لەسەردەمی نوێشدا لە نێوان ئەوروپاو رۆژهەڵاتی موسڵماندا، لە ئەستۆی ئەرمەنیەکان بووە.

ئەرمەنستان و ئەرمەنیەکان بەسەر دوو قۆناغی مێژووییدا دابەش دەکرێن، سەردەمی بەر لە داگیرکاریی تۆرانیەکان و سەردەمی دوای داگیرکاریی تۆرانیەکان. سەردەمی بەر لە داگیرکردنی تۆرانیەکان مێژووییەکە لێرەدا بەپێویستی نازانم باسی لێوە بکەم و تەنها بەخێرایی بەسەریدا تێدەپەڕم. بەڵام سەردەمی دوای داگیرکردنی تۆرانیەکان کە لەوێدا وەک مێژوونووسی رووسی (ماکسیم کوالۆفسکی) دەڵێ: دەبێت بەمێژووی مەسەلەی ئەرمەنستان چونکە لێرەوەیە کە نەتەوەی ئەرمەن لە پاڵ نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە وەکو کوردو چەرکەس و لازو بەلکانەکان و عەرەب و ... هتد دەکەونە ژێر رەحمەتی داگیرکاریی تۆرانیەکان و دەستەڵاتە یەک لە دوا یەکەکانی مەغۆل و تورک و، تا هاتنی ئیمپراتۆربەتی عوسمانی و گۆڕانکارییەکانی دوای ئەمە لە ململانێی مان و نەمانیدا دەژین. بەکورتییەکەی هەروەک پێشتر گوتمان مێژوو لەم قۆناغەدا تۆماری ململانێ و تەقەللاکانی چەسپاندنی مانەوەو بوونە لەسەر ئەو خاکەی کە پێشتر هی تۆ بووەو ئێستا بەچاوی میوان سەیری دەکرێی. ئینجا ئەوەی من گەرەکمە ئەم مێژووەیە کە بە مێژووی مەسەلەی (واتا سەرهەڵدانی مەسەلەکان) لە قەڵەم دەدرێت: چونکە کوردیش وەکو ئەرمەنیەکان لە حاڵەتێکی یەکساندا بەرەو رووی ئەم ستەمە دەبێتەوە کە لەلایەن تۆرانیەکانەوە و دواتر ئێرانی و عەرەبەکانەوە بەسەریدا دەسەپێ.

## پوختەیەک لە مێژووی کۆنی ئەرمەنستان

### جوگرافیا

لەڕووی جوگرافیاییەوە ئەرمەنستان (ئەرمەنستانی مەزن) کەوتۆتە سەر سنوری هەردووکیشوەری ئاسیاو ئەوروپاو بەخاڵی پێککەوتنی ئەم دوو کیشوەرە لە قەڵەم دەدرێت. مێژوونووسان ئەرمەنستان بەسەرزەمینێک دەزانن کە لە رێگەیەوە ئاسیا دەچێتە نێو ئەوروپاوە. هەندێکیشیان بە سویسرای رۆژهەڵاتی لە قەڵەم دەدەن: ئەمەش بەو پێودانگەیەی کە لە کێوەکانی ئەرمەنستانەوەیە کە گەورەترین رووبارەکانی ئاسیای رۆژئاوا، وەکو فورات و دیجلە، ئاراس، کوراوکۆر سەرچاوە دەگرن و لە کێوەکانی ئالپ لە سویسراش رووبارەکانی ئەوروپا، وەکو دانۆپ، دۆن و پۆ سەرچاوە دەگرن. ئینجا هەڵکەوتنی جوگرافیایی ئەرمەنستان بەشێوەیەکە کە کەوتۆتە سەر شارێگەکانی ئاسیای رۆژئاوا، سویسراش لەنێو ئەوروپادا هەمان پێگەی هەیەو بەخاڵی جیاکەرەوەی دنیای ژێرمان و لاتین لە قەڵەم دەدرێت. ئاشکرایە کە ئەمە لەڕووی بازرگانیەوە خەڵکی دانیشتووی ئەو ناوچانە دەکات بەخاوەنی کایەیەکی نایاب، بۆیە بەدرێژایی مێژوو ئەرمەنییەکان خەڵکی کاسب و پارەدارو دەوڵەمەندبوونە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم پێگەیە دەرفەتێکی زێرین بووە بۆ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و کەلتوری کە دواتر دێمە سەری.

هەڵکەوتنی جوگرافیای ئەرمەنستانی کۆن بریتییە لە زنجیرە کێوی مەزن و قەڵایەکی سروشتی کەم وێنەیە کە دیوارەکانی لە دەشتەکانی قەفقازەوە بگرە تا بانی ئەنادۆڵ و لە دەریای رەشەوە تا دەشتی بین النهرین درێژەی هەیەو، زنجیرە کێوەکانی پۆنتیک pontique و تۆرۆس گرنگترینیانن.

ئەرمەنستانی کۆن خاوەنی چەندین دەشتی یەک بەدوای یەکدا بووە کە لە ئاستی دەریاوە زۆر بەرزن، پانتایی ئەم دەشتانە سنوردارە، بەڵام زۆر بەپیتن، گرنگترین ئەم دەشتانە بریتین لە دەشتەکانی (ئەبرەوان، قارس، بەهسنی، ئەرزەرۆم، ئاشگرد، وان و

موش)[١] هەرچەندە کە ئەرمەنستان وڵاتێکی شاخاوییە، بەڵام لەرووی کشتوکاڵەوە بەپیت و بەرەکەتەو بەوە بەناوبانگ بووە کە باشترین میوەکانی دنیا لەم وڵاتە بەرهەم هاتوون و سەردارێکی رۆمی بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٠٠)ی پێش زایین نەمامی ئاڵوباڵو، گێلاس و قەیسی لەوێوە بردۆتە ئەوروپا، تەوارتیش شوێنی باغی عەدەن بە ئەرمەنستان دەزانێ[٢].

لەسەرچاوە سروشتییەکانی ئەرمەنستان ئەسپ و پەروەردەکردنی ئەسپ شوێنێکی تایبەتی هەیەو، ئەرمەنیەکان لەسەردەمی کۆندا بەیەکێ لە باشترین پەروەدەکارانی ئەسپ لە دنیادا ناوبانگیان هەبووە[٣] ئەم ئەسپانەی ئەوان پەروەردەیان کردوون رەنگبێ باپیرە گەورەی ئەو ئەسپانە بن کە ئێستا بەئەسپی کوردی بەناوبانگن و لەسەرکەوتن لە کێوەکاندا رکابەریی لەگەڵ کەرو هێستردا دەکەن و زۆر بەهێزن.

جوگرافیای هەر وڵاتێک یەکێکە لە فاکتۆرە سەرەکیەکانی پێکهاتەی فەرهەنگ و مێژووی ئەو میللەتە، ئەرمەنستان هەرچەندە بەکێو دەورە دراوەو دەبوایە بەپێی فۆرمۆلە مێژووییەکان میللەتەکەی میللەتێکی دواکەوتووی موحافەزەکارو کەللەرەق بووانایە، کەچی ئەم فۆرمۆلە بۆ ئەرمەنیەکان وادەرنەچووە. ئەرمەنستان جیرانی دیواربەدیواری ئاسورییەکان و دواتر یۆنان کە بەهۆی ئەسکەندەرەوە حوکمیان بەسەر سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناڤیندا کردووەو لە کۆتایشدا بووەتە جیرانی بیزانسەکان.

ئینجا هەروەک پێشتریش باسمان کرد دەورەدراوەیی ئەم وڵاتە بەهۆکاری سروشتی نەبووەتە هۆی داخرانی ئەم وڵاتە بەسەر دنیاداو رێگایەکی بازرگانیی زۆر گرنگ بووە. دیارە لە مەیاندا جیا لە قازانجی مادی، ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و نزیکیی ئەم وڵاتە لە شارستانیەتە گرنگەکانی جیهان رۆڵێکی گرنگی لە دروستبوونی شارستانیەتی پێشکەوتووی ئەرمەنیدا هەبووە.

ئینجا خودی ئەم پردە بازبوونە هەندێ جار بەخەراپە بەسەر ئەرمەنیەکاندا شکاوەتەوە «لەو جێگەیەیرا کە ئەرمەنستان کەوتۆتە یەکێ لە خاڵە گرنگەکانی پێکەوە بەسترانی ئاسیاو ئەوروپاوە، رەنگبێ زۆر سودی لە ئاڵوگۆڕی کاڵا لە بازرگانی و فکرییەکانی ئەم دوو

جەمسەرە وەرنەگرتبێ و بگرە پتر مەینەتیی بەدەست ناکۆکیی شارستانیەتیانەوە کێشاوە. کاتێ رۆژئاوا لەسەردەمی رۆمی و بیزانسەکان یان دەوڵەتە سەڵیبیەکان بەرەو رۆژهەڵات هاتووە، یان ئەو کاتەی کە ئێرانی، عەرەب، مەغۆل و تورکەکان دەستیان بەفتوحات کردووەو بەرەو رۆژئاوا کشاون، هەردوو لا رێگەیەکیان هەڵبژاردووە ئەو رێگەیەش ئەرمەنستان بووە.» (٤)

دیارە لەم هێرشانەشدا ئەرمەنستان زەرەرو زیانی مادی و گیانی پێ دەکەوت و خەڵک و وڵاتەکە لەژێر سمی ئەسپ و سەر نێزەی سەربازاندا لەنێو دەچوون، جیا لەمەش کەلتور و فەرهەنگی ئەرمەنییەکانیش بەر پەلامار دەکەوت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئەرمەنیەکان توانیان پارێزگاری لە سروشتی ژیان و کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان بکەن و وەک فەرهەنگێکی سەربەخۆ لەنێو هەردوو شارستانیەتدا بمێنێتەوە.

جگە لەم لایەنە، جوگرافیای ئەرمەنستان وەکو جوگرافیای کوردستان فاکتۆری سەرەکیی دروستبوونی مێژووی ئەو وڵاتەیە، ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین لە وڵاتانەدا کە رووەکەیان شاخاوییە و بەکێو دەورەدراون، خەڵکی ئەم وڵاتانەئەغلەب شەرکەرو ئازاو پابەندی نەریتەکانن. دابڕ دابڕبوونی وڵات، کێوو دۆڵی قوڵ و کاکی بەکاکی، کۆمەڵگای سەرەتایی دەکات بەچەندین تاقمی لێکدابڕاو، کە هەرکام لەوانە بەتێپەڕبوونی زەمەن خەسڵەت و شێوەی تایبەت بەخود وەردەگرن. نموونەی ئەمە لە کوردستانی ئێمە و لەسەردەمی بەر لە دروستبوونی ئەمارەتەکان و حوکمی هۆزەکاندا بەرچاوە. ئەرمەنستانیش خاوەنی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیە بوو، بۆیە قەت نەیانتوانی دەستەڵاتێکی ناوەندی دروست بکات، ئەگەرچی ملکەچی دەستەڵاتی بیانیش نەبوونە، بەڵام ئەو ئەنتیگراسیۆن (یەکپارچەیی)ەی کە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێویست بوو، لەنێو کوردو لەنێو ئەرمەنەکاندا بەدی نەکراوەو فاکتۆری سەرەکیی ئەمەش دابڕدابڕ بوونی کۆمەڵگابووە بەهۆی هۆکاری جوگرافیایەوە. ئەڵبەتە کە دەڵێن جوگرافیا، مەبەست ئەوەیە جوگرافیا بەر لە هەمووان دێت و دواتر هۆکاری دیکەی ئابووری و نەریت و خۆبەزلزانی و بیروباوەڕو... هتد دێن.

## هاتنی ئەرمەنییەکان

بەر لەوەی ئەرمەنییە راستەقینەکان، ئەوانەی لە نەژادی هیندو ئەوروپایین، لە سەدەکانی حەوتەم و شەشەمی بەر لەزایین بێنە ناوچەکە، ئەو ناوچەیەی کە ئێستا بە ئەرمەنستان ناودەبرێت، میللەتێک بەناوی خالدی یان خالدەکان لەو ناوچە ژیاون.(٥) مێژوونووسەکان هەندێکیان لەو باوەڕەدانە کە ئەم خالدییانە باپیرە گەورەی کوردەکانن و ئەوانن کە هاتوونەتە بین النهرین و ناویان بەخالدییەوە بۆ خۆلدو کلد و دواتر کورد گۆڕانی بەسەردا هاتووە(٦) لە بەرامبەر هەندێکی دیکە پێیانوایە کە ئەمانە نەتەوەیەکی سەربەخۆ بوونەو لەگەڵ کلدانییەکانی بین النهریندا جیاوازییان هەبووە.(٧) بەڵام بەهەرحاڵ ئەو ناوچەیە بە(ئۆراتۆ) بەنێوبانگ بووەو لەو کەتیبەدا کە لە ئاشوری بەنی پال بەجێ ماوە و لە ٨٦٠ تا ٨٨٥ی پێش زایین حوکمی کردووە، ئاماژە بەناوی ئۆراتۆ کراوە(٨) ناوچەی نیشتەجێبوونیشیان دەوروبەری (گۆلی وان) بووە.

زۆربەی ئەو شتانەی کە سەبارەت بەم قۆناغە لە مێژووی ئەرمەنستان نووسراون، لایەنی ئەفسانەیان هەیەو هی پشت پێ بەستن نین، بەڵام ئەوەندەی لەم سەرچاوانەی سەبارەت بەئۆراتۆ لە ئارادان ئەوە دەردەخەن کە ئەم سەرزەمینەو خەڵکەکەی (جگە لە میسر) یەکەم رێکخراوی سیاسی بوونە لە بەرامبەر دەستەڵاتداریەتیی ئاشورەکان.

## زمانی ئەرمەنی

هەروەکو رەگەزو نەژادی ئەرمەنەکان، زمانی ئەرمەنییەکانیش لقێکە لە زمانەکانی هیندو ئەوروپایی و گروهێکی تایبەت لەم زمانانە پێکدێنێت. زماناسەکان تەئیکد لەوە دەکەنەوە کە زمانەکە سنووری نێوان گروپی زمانەکانی ئێرانی و یۆنانییە هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم زمانە خزمایەتیی لەگەڵ زمانی فریگیەکەدا هەیە کە لەگەڵ هاتنی مەسیحدا لەنێو چووە.

زمانی ئەرمەنی بەدرێژایی مێژوو بە حوکمی تێکەڵی زۆری لەگەڵ زمانەکانی ئێرانیدا، کۆمەڵێک پاشگرو پێشگرو تەنانەت واژەی ئێرانی لە خۆیدا تواندۆتەوەو لەم روانگەیەوە زمانناسەکان پێیانوابووە ئەم زمانە سەر بەلقی زمانە ئێرانییەکانی هیندو ئەوروپاییە. بەڵام دواتر بەتەقەللای زمانناسانی بەنێوبانگی رۆژئاوایی و لەوانە (هـ. هۆبسمان) دەرکەوت کە ئەم زمانە زمانێکی سەربەخۆیە و سەر بەخێزانێکی سەربەخۆی زمانە هیندو ئەوروپاییەکانە. بەدرێژایی چەندین سەدەو لە ئەنجامی تێکەڵی ئەرمەنیەکان لەگەڵ ئێرانی و یۆنانی و سەلیبیەکان، زمانی ئەرمەنی وشەی بیانی هاتۆتە نێوو تەنانەت ئەم پاشگری (یان) کە زۆربەی هەرە زۆری ناوە ئەرمەنیەکان لەسەریانە، لە زمانی فارسیەوە هاتووەو کۆی شتێک دەردەخات، وەک ناوی (هاکوپیان) واتا (هاکوپیەکان) و ئەوانەی سەر بەم خێزانە بن.

## ساختاری کۆمەڵایەتی ئەرمەنستان

ساختاری کۆمەڵایەتی ئەرمەنستان، هەروەک پێشتر باسمان لێوەکرد لەژێر کاریگەری جوگرافیای ئەو وڵاتەدا بووە. ئەو وڵاتە شاخاوییە و بەهۆی ئەم جوگرافیایەو هەندێ هۆکاری دیکە خاوەنی رژێمێکی ملوک الطوائفی (فیئودالی) بووە. هەندێ ئەشرافی شەڕکەر بەماف و ئیمتیازاتی بێ سنور و زەوی و زاری فراوانەوە، لەژێر دەستی پاشادا کاریان دەکردووەو هەریەکە خاوەنی قەسرێکی گەورەو تەخت و رەعیەتی خۆیان بوونە ئەم رژێمە ئەشرافیە دواتر لە ئەوروپا بوو بەسیستەمێکی گشتی، بەڵام بەو جیاوازییەی کە فیئودالەکان ئەم رۆڵانەیان دەدیت. ئەشرافەکان لە ئەرمەنستان لەژێر فرمانی پاشادا دەجەنگان و سەربازو ئەسپ و ئازوقەیان لەکاتی جەنگدا دەگرتە ئەستۆ. هەر ئەم ئەشرافانە لەکاتی ئاشتیدا لە ئیدارەی وڵاتدا رۆڵیان دەدیت و کارمەندانی دیوانی شابوون. سەبارەت بەتوێژو چینەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگای ئەرمەنی هەر ئەوەندە لەبەر دەستدایە کە لەو قۆناغەدا کۆمەڵگا کۆمەڵێکی کشتوکاڵی بووە، پیشەسازی و بەتایبەتی

پیشەسازیی جەنگی و دروستکردنی زرێ و قەڵغان و نێزە رەواجی هەبووە. بەشێکی دیکەی داهاتی نیشتمانی ئەرمەنییەکان لەو سەردەمە لە بەکرێدانی سوپاو سەرباز بۆ سوپاکانی بێگانە بەدەست هاتووە، چونکە لەو سەردەمەدا سوپاو سوارە نیزامی ئەرمەنی لە دنیادا تای نەبووە.

## باری ئابوری و کۆمەڵایەتی

بێگومان هەموو میللەتێک لە رێڕەوی مێژووی خۆیدا تووشی هەڵکشان و داکشان دەبێت و هەر لەم روانگەشەوە شێوەی ژیانی سەرەتایی و ئابوریی دەگۆڕێت. هەر لە سەرەتای هاتنی ئەرمەنیەکان بۆ ئەو شوێنەی کە پێی گوترا ئەرمەنستان، زۆر گۆڕانکاری، شەڕو داگیرکاری و ئیمپراتۆرییەت هاتن و رۆیشتن. رۆمیەکان یەکەم کەسانێک بوون کە پەلاماری ئەرمەنیەکانیان داو لە ساڵانی ٦٦-٦٧ ی بەر لە زایین بەسەر ئەرمەنیەکاندا سەرکەوتن[٩] بۆ جاری دووەم لە ساڵی (٣٦)ی بەر لە زایین لەلایەن مارک ئانتوانی هاوسەری کلیۆپاترای شاژنی میسر سەر لەنوێ ئەرمەنستان دەستی بەسەر داگیرایەوە[١٠] دیارە ئەم شەڕو پێکدادانانە، تالان و برۆشی بەدواوە بووەو کاری کردۆتە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکیش، بەلام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەو سەردەمەدا هاتووچۆی رۆژهەڵات بۆ رۆژئاوابوو و خەڵکەکەشی بازرگان و قاچاچچی وەکو خۆیان نەبوو.

هەروەها لەو وڵاتەوە کەرستەی مێتال و رستراو چندراوی وەکو فەرش و قوماش و بەرهەمی لە بابەت شەراب و کەوڵ و... هتد دەنارده تێکڕایی رۆژهەڵات.

ئەم وڵاتە خاوەنی کانی ئاسن، مس، زێڕو زیو بوو، بۆیە ئەرمەنیەکان لەو سنعاتەدا زۆر دەستێکی باڵایان هەبووە.[١١]

## بیروباوەڕی ئایینی ئەرمەنیەکان

لە سەرەتای هاتنی ئەرمەنیەکان بۆ ئەرمەنستان دیار نییە ئاخۆ پێڕەوی چ دین و ئاینێک بوونە، بەڵام دواتر وردە وردە وەک هاو نەژادە ئارییاییەکانی خۆیان لە سروشتەوە دەستیان بەپەرستن کردووەو خوایەکانی خۆیان لەنێو ئەفسانە رۆمی و یۆنانی و ئێرانیەکانەوە هەڵبژاردووە. لەویش وەکو زۆربەی ئایینی شارستانیەتەکانی دیکە هەر خواوەندو ئیلاهەیەک بەناوی شتێکەوە بوو. لەسەرووی هەموویانەوە ئیلاهەی ئاوەدانی و زانست، ئاناهیتا – ئیلاهەی عەشق و جوانی، ئاسرغیک Asdghik و خوای ئازایەتی ئاماکۆ Ahaku، هەبوونە. دواتر لەژێر کاریگەری ئەشکانییەکان، ئەهورمەزدایش هاتە نێو مەزهەبی خواپەرستی نەتەوەیی ئەرمەنیەکانەوە، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کە ئەرمەنیەکان ببن بەزەردەشتی و ئەوان ئاهورمەزدایان لە قاڵبە زەردەشتییەکەی دەرهێناو تەعریفیان کرد.[١٢] لە کۆتایی سەدەی سێیەمی زایینیش بوو کە ئەرمەنیەکان بوونە مەسیحی و ئایینی مەسیحیان قەبوڵ کرد. ئەم مەسیحی بوونە هەرچەندە زۆر بەئاسانی بەسەر خەڵکی ئەرمەندا نەسەپێندرا، بەڵام لەلایەن ئیمپراتۆریەتی (رۆم) و (ئەشکانیەکان)ەوە هیچ گوشارێکیان بۆ نەهێنرا، چونکە هیچ کام لەو دوو ئیمپراتۆرییەتە باوەڕیان بەوە نەبوو کە ئایین بەسەر خەڵکدا بسەپێن و تەنها ئەوەندە نەبێ دژی ئەو ئایینانە دەوەستان کە سوکایەتی بۆ خەڵکی دیکە تێدابوایە.

قەبوڵکردنی مەسیحییەت لەلایەن ئەرمەنیەکانەوە، لەوکاتەدا بەخاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ئەرمەنییەکاندا لە قەڵەم دەدرێت؛ چونکە ئەم مەسیحی بوونە بۆ ئەرمەنیەکان بوو بەهۆکاری گۆڕان و مانەوەیان ئەمەش لەم رووەوە بوو کە میللەتی ئەرمەنی لەژێر کاریگەریی ئایینی مەسیحیەتدا، زۆر بەخێرایی گەیشتنە پلەیەکی بەرزی فەرهەنگی».[١٣] کەلیسای ئەرامنە یەکێکە لە کەلیسا هەرە کۆنەکانی دنیای مەسیحیەت و کەلیسای ئەرمەنی لەسەر نەریتی رۆژئاوا خاوەن دەسەڵات بووەو ئەمەش رێک پێچەوانەی کەلیسای بیزانس بووە کە کەلیسا ئالەتی دەستی شابووە. کەلیسای ئەرمەنی

لەو مێژووە بەدواوە بوو بەناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەرمەنیەکان و شەڕو بەرەنگاربوونەوەکانیان لە پێناو پاراستنی بوونی نەتەوەییان چووە قالبی پاراستنی مەسیحیەت دواتر لە سەدەی پێنجەمی زایینی کەلیسای ئەرامنە لە دنیای مەسیحیەتی ئەوسا جیابووەو ئەم جیابوونەوەیە بەر لە جیابوونەوەی کەلیسای کاتۆلیک و ئەرثۆدۆکس روویدا کە لە سەدەی یازدەهەمدا بوو. کەلیسای ئەرمەنی پابەندی خۆی راگەیاند بۆ تەریقەتی (مێنۆفیزیسم) یان تاک جەوهەری بوونی عیسا کە پێی وابوو جەوهەری خودایی خواوەند، جەوهەری مرۆیی عیسای لە خۆیدا تواندۆتەوە. کاتێک کەلیسای رۆم و بیزانس تەریقەتی دووانەیان هەڵبژارد، ئەرمەنیەکان لەسەر تەریقەتی خۆیان مانەوەو (٤٩١ز) لە دنیای مەسیحیەتی ئەوسا دابڕان و، خۆیان بەتاکە میراتگریی ئایینی مەسیح لە قەڵەمدا. دیارە ئەمە بەدرێژایی مێژوو سەرئێشەیەکی زۆری بۆ دروستکردن و داکۆکیی ڤاتیکان لە ئەرمەنیەکان لەبەر خاتری مەسیحی بوونیان نەبوو و تەنها لەپێناو ئامانجی سیاسیدا بووە، چونکە ئەوان ئەرمەنیەکانیان پێ مورتەد بووە. ئەرمەنستان بۆ ماوەی دوو سەدە کەوتە ژێر ئیدارەی عەرەبەکانەوەو ئەوەش لە سەدەی حەوتەم تا نۆیەمی زایینی بوو، بەڵام ئەرمەنەکان نەبوونە موسڵمان و تەنها ئامادەبوون لە پێناو داگیرنەکردنی خاکەکەیان لەلایەن عەرەبەکانەوە کە لە بەرامبەریاندا وەستابوون و تەسلیمیان نەبوون، سوار چاکەکانی خۆیان بخەنە خزمەت خەلیفەکانی ئیسلامەوە.

## فەرهەنگی ئەرمەنیەکان

لە زۆر شوێن بیستوومە کە دەڵێن ئاینی مەسیح، ئایینی نەتەوایەتییەو ئیسلامیش لەنێوبەری نەتەوایەتیە. بەنسبەت ئەرمەنیەکان و ئەو تێڕوانینەی من لێرەدا بەبەراورد لەگەڵ ئیسلامدا دەیخەمەڕوو، پێموابێ ئەم قسەیە تاڕادەیەک تیشکی دەخرێتەر سەر.

ژیانی فەرهەنگیی ئەرمەنەکان بەرلەوەی کە ئایینی مەسیحیەت قبوڵ بکەن لەژێر کاریگەری یان بەواتایەکی دیکە پاشکۆی فەرهەنگی یۆنانی، رۆمی و بەتایبەت

ئێرانیەکان بووە. هەموو دەستمایەی فەرهەنگی ئەرمەنیەکان تا بەر لە هاتنی مەسیحیەت بریتی بوو لە چەند سرودێکی حەماسی کە لە ئازایەتی (هایک - باوکی ئەرمەنیەکان)دا گوترابوون و سینگ بەسینگ دەگوازرانەوە.

«دوای هاتنی مەسیحیەت و بەتایبەت لە سەدەی چوارەم و پێنجەمدا، شتێک بەناوی فەرهەنگی سەربەخۆی ئەرمەنی چوارچێوەی بۆ داندراو ئەویش بەداهێنانی ئەلفوبێی زمانی ئەرمەنی بوو کە لەسەر دەستی ئۆسقۆفی مەزن ساهاکی یەکەم بوو»(١٤)

(مسروپ) کە جێگری ئەو ئۆسقۆفەبوو بۆ ئەم کارە راسپێردراو لە ماوەیەکی کورتدا ئەم ئەلفوبێیە داهێندرا. سیاسەتی کەلیسا لەو کاتەدا و تەنانەت دواتریش بریتی بوو لەوەی کە هەر نەتەوەیە بەزمانی خۆی فێری خوێندنی کتابی پیرۆز واتا ئینجیل بێت کە واتا مەسیحی بوون دیوێکیشی بریتی بووە لە زیندووکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، کە رێک ئەمە بەپێچەوانەی ئیسلام بووە کە رۆحی نەتەوایەتی تواندۆتەوەو رێگەی نەداوە جگە لە زمانی عەرەبی، قورئان بەهیچ زمانێکی دیکە بخوێندرێت.

ئەم کارەی مەسیحییەت بۆ میللەتە نەخوێندەوارە بێ رێنووسەکان هاندەرێک بوو بۆ داهێنانی رێنووسی نەتەوەییان و لە هەمانکاتدا دروستکردنی فەرهەنگی نەتەوەیی و نیشتمانی. ئەگەر وانەبوایە میللەتان لەنێو میللەتە زاڵەکانی دیکەدا دەتوانەوە، بەڵام زمان و رێنووس و دواتر مەسیحیەت ئەم بوارەی نەدا.

ئەرمەنیەکان دوای داهێنانی ئەلفوبێ، ملیان لە وەرگێرانی فەرهەنگی یۆنانی و رۆمەکان و تەنانەت ئێرانیەکانیش ناو رێنووسی سەر ئەلفوبێی ئەرمەنیان کردن. ئینجا هەر بەخێرایی و بەم ئەلفوبێیە چەندین کاری گەورەیان لەسەر مێژووی خۆیان وەکو ئەرمەنی نووسی و تائێستاش ئەم بەرهەمانە وەکو سەرچاوەو سەروەتێکی فەرهەنگی و نیشتمانی سەیر دەکرێن لە پاڵ ئەمەدا نووسینەوەی مێژووی جەنگە گەورەکانی مێژووشیان لە ئەستۆ گرتووەو رووناکیان خستۆتە سەر چاخەکانی ناوەڕاستی رۆژهەڵات.

## حکومەتەکانی ئەرمەنستانی دێرین

### حکومەتی ئۆراتۆ:

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆیەمی بەر لە زایین، میرنشینەکانی ناوچەی نائیری وڵاتێکیان بەناوی ئۆراتۆ ناونا، کە لەڕووی جوگرافیاییەوە ئەرمەنستانی هەنووکەو ناوچەی (وان)ی دەگرتەوە. دامەزرێنەری ئەم حکومەتە میرێک بوو بەناوی (ئارامە) کە میرنشینەکانی ناوچەی نائیری و ئۆراتۆی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە دەوڵەتی ئۆراتۆی بنیادنا. سەرزەمینی ژێر دەستەڵاتی ئەم حکومەتە خاوەنی جۆراوجۆریی ئاوو هەواو ژینگە بووەو، هەر لەم رووەشەوە ئۆراتۆکان لە بوارە جیاجیاکانی ئاژەڵداری، پیشەسازیی دەستی، دروستکردنی کەلوپەلی برۆنزی و ئاسنی، دروستکردنی تۆڕی ئاودێری و ئاو گەیاندن و بەتایبەتیش بیناسازیدا دەستێکی باڵایان هەبوو. بیناسازی لەلای ئۆراتۆکان شوێنێکی تایبەتی هەبوو: دروستکردنی تالاری ستوندار، دروستکردنی تاق و بەکارهێنانی بەردی رەنگاورەنگ لە کاری بیناسازیدا، نموونەی ئەم هونەرەن کە ئۆراتۆکان لەو سەردەمەدا بەباشترین شێوە بەکاریان هێناوەو، ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو لە میللەتانی دیکە جیایان دەکاتەوە. کۆنترین بینای مێژوویی ئۆراتۆ قەڵا مێژووییەکەی شاری توشپای پایتەختی ئۆراتۆکانە کە لە تەک گابەردەڵانەکانی وان و قەڵای (تۆپراق قەڵا) لەسەر زنجیرە چیای زمزم داغ بنیادنراوە.[١٤]

ئۆراتۆکان لە بواری فەتح و فراوانکردنی سنوری دەستەڵاتیاندا سەرکەوتووبوون: بەشێوەیەک کە لەسەردەمی حکومەتی منوا[١٥] قەڵەمڕۆی دەستەڵاتیان لە دوو خاڵەوە دەگەیشتە دەریای ئازاد. ئۆراتۆکان هەر لە سەرەتاوە دژی ئاشورییەکان وەستان و توانیان تێکڕای ناوچەکانی باکوری دیجلەو زێی گەورە لە ژێر دەستەڵاتیان دەربێنن و تا (مانا) کە کەوتۆتە باشوری گۆلی ورمێ وە پێشڕەوی بکەن[١٦] بەڵام ئەوە درێژ خایەن نەبوو، لە هەندێک قۆناغی مێژووییدا دەبینین کەوا ئاشوورییەکان کە لێرەدا بەپێویستی نازانین باسی بکەین بەسەر ئۆراتۆکاندا سەرکەوتوونە.

ئۆراتۆکان لە بواری مەزهەبدا، هەروەک لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێکرد، گەلە خوایەکیان دەپرستن کە گرنگترینی ئەو خوایانە (خالدی)بوو. لە رێنووسیشدا پەیڕەویان لە جۆرێک رێنووسی وێنەیی دەکرد.

ئۆراتۆکان میللەتێکی ماندوونەناسن، هونەرمەند و زانابوون، کە کاریگەرییان بەسەر دەوروبەری خۆیانەوە هەبوو.

## ئەرمەنستان لەسەردەمی هیلینیستی

دوای دارمانی حکومەتی هەخامەنشییەکان لە ئێران کە بەدەستی ئەسکەندەری مەقدۆنی بەئەنجام گەیشت. وەک لە پێشتریشدا لێی دواین بەشێک لە ئەرمەنستان کە (هایکی بچوک) ناودەبراو بەقەڵەمڕۆی پێشووی هایاساکان لە قەڵەم دەدرا، کەوتە ژێر دەستی ئەسکەندەر، بەڵام بەشی ئەرمەنستانی ناوەندیان (هایکی مەزن) بەسەربەخۆیی مایەوە و (یرواند) لەوێدا حکومی دەگێڕا. دوای مردنی ئەسکەندەر ئیمپراتۆرییەتەکەی کەوتە ژێر دەستی سێ لەسەردارەکانی: حکومەتی بەتلیمۆس لە میسر، حکومەتی ئانتیکۆس لە مەقدۆنیای یۆنان و حکومەتی سلۆکۆس کە بەسلۆکیەکان بەناوبانگ بوون. لە ئاسیای پێشوو سلۆکیەکان خاوەنی فراوانترین ناوچەی حوکمڕانی و قەڵەمڕۆی دەستەڵات بوون.[١٧] ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە یەکپارچەیی خاکی هایکی مەزن (ئەرمەنستان)، ئاترۆپاتاکان (ئازەربایجان)، ئیبریا (گورهستان)، پۆنتوس، پرگام، هایکی بچوک و.. هتد، بکەونە مەترسییەوە و لەو جێگەیەیڕا کە ئەرمەنستان کەوتبووە نێوان سێ حکومەتی ئیبریا، ئاترۆپاتاکان و سلۆکیەکان، بەبەردەوام لەلایەن ئەم سێ وڵاتەوە پەلامار دەدرا. دەستەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئاترۆپاتاکان بووە مایەی رق و توڕەیی سلۆکیەکان؛ چونکە ببووە پەناگایەک بۆ ئەو ساتراپ (پارێزگار)ە سەرهەڵداوانەی کە بەدەستەڵاتی سلۆکیەکان رازی نەدەبوون. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئانتیۆگۆسی سێیەم[١٨] دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی ساتراپەکان، لەشکر بکێشێتە سەر ئاترۆپاتاکان

و پاشاکەیان واتا ئارتاپازان تێک بشکێنێ. لە ساڵی (١٦٢ پ. ز) ئانتیۆکۆسی سێیەم دوای شکاندنی پارتەکان، گەیشتە ئاسیای ناوەڕاست و بەسەر (هندوکش)ەوە گەیشتە هندوستان. دواتر روی بەرەو رۆژئاوا وەرگێڕا و بۆ قایم کردنی پشتی خۆی ئەرمەنستانی داگیرکرد و دوا پاشای یرواندیی کوشت و هایکی گەورەو بچووکی کرد بەیەک، لە (١٩٢)ی پێش زایین، بڕیاریدا رۆم داگیر بکات، بەڵام لە مەیاندا سەر نەکەوت و تێشکانی لەم جەنگەدا بووە هۆی ئەوەی کە هایکی گەورەو بچووک سەرلەنوێ سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بێننەوە.

## دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتووی ئەرمەنی

دوای سەرکەوتنی رۆمیەکان بەسەر سلوکیەکاندا، ئەرمەنستان سەرلەنوێ رزگاری بۆوە و ئارتاشی یەکەم (١٦٠-١٨٩ پێش زایین) بوو بەپاشای ئەرمەنستان، ئەم کابرایە گەلێ لە ناوچە دووردەستەکانی ئەرمەنستانی خستە ژێر رکێفی خۆیەوەو خستیەوە سەر نەخشەی جوگرافیایی ئەرمەنستان و تا سەر زەمینی پایتاکاران و هەندێ ناوچەی ئەرمەنستان چووە پێش. لە ١٦٨ی پێش زایین سوپاکەی هاتە ناوچەی تیمۆریک، کە لەژێر دەسەڵاتی سلۆکیەکاندا بوو و تا لێوارەکانی روباری دیجلەیان داگیرکرد. بەم شێوەیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی پێش زایین، ئەرمەنستان وڵاتێکی زۆر پان و بەرین بوو. ئارتاشسی یەکەم، هەندێ شاری نوێی بنیادنان و پەرەی بەپیشەسازیدا. یەکێ لەو شارانە ناوی ئادتاشات بوو کە ئەو کاتە پایتەختی ئەرمەنستان بوو. هەروەها ئەم کابرایە ئایینی پاشا پەرستی-ی بەنێو ئەرمەنیەکاندا بڵاوکردەوە. دوای ئارتاشس-ی یەکەم هەردوو کوڕەکەی (ئارداوازدی یەکەم و تیگرانی یەکەم) جڵەوی دەستەڵاتیان گرتە دەست. هاوکات لە ئاسیای ناوەڕاست حکومەتێک بەناوی پارتەکان لەسەر کاربوو پاشای پارتەکان، میهردادی یەکەم (٨٧-١١٥ی پێش زایین) سنورەکانی رۆژئاوای خۆی تا سەر روباری فورات پەرەپێدابوو. ئەوەبووە هۆی ئەوەی ئەرمەنی و پارتەکان مل لەبەر ملی

یەکتری بنێن و لەمەشدا میهرداد برازای پاشای ئەرمەنستانی بەدیل گرت. کاتێک لە ساڵی (٩٥)ی پێش زایین تەختی پاشایەتیی ئەرمەنستان بەتاڵ مایەوە، پارتەکان تیگرانیان بەو مەرجەی کە ناوچەیەکی فراوان لەسەر زەمینی ئەرمەنستان بەپارتەکان ببەخشێ، ئازاد کرد. لە سەردەمی تیگرانی دووەمدا، سنوری ئەرمەنستان هێندەی دیکەش پەرەی سەندو بوو بەیەکێ لە بەهێزترین دەستەڵاتەکانی ئەو سەردەمە. هەر بەو هۆیەوە لە مێژووی ئەرمەنستاندا تیگرانی دووەم بەتیگرانی مەزن ناو دەبەن. لە ساڵی ٨٧ی پ.ز. دوای مەرگی میهردادی دووەم-ی پاشای پارتەکان کە لە هەمانکاتدا زاواو هاوپەیمانی تیگرانی مەزن بوو، سوپای ئەرمەنیەکان دەستیان بەسەر ئەو ناوچانەدا گرتەوە کە ئەرمەنیەکان پێشتر بە پارتەکانیان بەخشی بوو و پەلاماری سنورەکانی مادو ئاترۆپاتاکان داو تا ئەکباتان (هەمەدان) کە پایتەختی پارتەکان بوو چوونە پێش. دوای داگیرکردنی ئەم شارە و ئاگر تێبەردانی کۆشکی پاشا، پەیمانێکی ئاشتی مۆرکرا، بەم پێیە سەرزەمینەکانی ئاترۆپاتاکان و مادو بين النهرين. درانە تیگرانی دووەم. دواتر تیگرانی دووەم رووی بەرەو باشور وەرگێڕاو تەواوی سەرزەمینەکانی سەر لێواری فوراتی داگیرکردن و پەلاماری سلوکیەکانیشی داو لەسەر تەختی پاشاکەیان دانیشت. سپای تیگران وا بەهێز بوو کە کەس خۆی بۆ نەدەگرت. ئەمەش وایکرد کە لەلای رۆژئاواشەوە فینیقیەو دەشتەکانی کیلیکە داگیر بکەن و ئەرمەنستان ببێ بەدراوسێی رۆمیەکان. ئەمە لوتکەی ئیمپراتۆرییەتی مەزنی ئەرمەنی بوو تا ساڵی ٦٩ی پێش زایین درێژەی هەبوو و ئیتر قەت لە مێژوودا دووپات نەبۆوە. لەوکاتەدا کە تیگرانی مەزن لە نزیک سنورەکانی میسر خەریکی داگیرکردنی وڵاتانی دیکەبوو و رۆمیەکان بەسەرکردایەتی لوکولوس هاتنە نێو سنورەکانی ئەرمەنستانەوەو دوای چەند شەڕێکی گەورە شاری تیگراناکرتیان ئابلوقەدا. تیگرانی مەزن هیچی لە دەست نەدەهات، ئەوەی لە دەستی هات ئەوەبوو کە رۆمیەکان لەسەر زەمینی هایکی مەزن (ئەرمەنستان) وەدەر بنێ و پاشەکشەیان پێ بکات. ئەوە کاتێک زیاتر بووە مایەی نیگەرانی کە تیگرانی بچووک، کوری تیگرانی مەزن لە باوکی

خۆی هەڵگەڕایەوەو دەستی لەگەڵ ڕۆمیەکان تێکەڵ کرد. لە ساڵی (٦٧ ی پ. ز) تیگرانی بچووک پەلاماری دەستەڵاتەکەی باوکی داو شکستی خواردو پەنای بردە بەر دەرباری فەرهادی سێیەم پاشای پارتەکان. لەوێ تیگرانی بچووک بوو بەزاوای فەرهادی سێیەم و بەم شێوەیە لەگەڵ پارتەکاندا بۆ جارێکی دی پەلاماری دەستەڵاتەکەی باوکی دایەوە. ئەمجارەشیان تێکشکاو سەر لەنوێ چۆوە لای ڕۆمیەکان لە ساڵی (٦٦)ی پێش زایین، پەیمانێکی ئاشتی لە نێوان ڕۆمیەکان و تیگرانی مەزندا مۆرکراو بەپێی ئەم پەیمانە تیگران دەستی لە تەواوی ئەو سەرزەمینانە هەڵگرت کە پێشتر دەستی بەسەردا گرتبوون و تەنها (هایکی مەزن)ی بۆ مایەوە. ئیتر کۆتایی سەرکەوتنەکان و مەزنیەتی دەرباری پاشایەتی ئەرمەنی بوو.

لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی یەکەمی زاییندا، پاشاکانی ئەرمەنستان لەلایەن ڕۆمیەکانەوە هەڵدەبژێردران و هەر لەلایەن ئەوانیشەوە پشتگیریان لێ دەکرا، بۆیە هیچ جۆرە سەربەخۆییەکی سیاسیان نەبوو. لەساڵی (٥١)ی زایینی بلاشی یەکەم (٥١-٧٨)ی زایینی کە بەهێزترین پاشاکانی پارت بوو، جڵەوی دەستەڵاتی پارتەکانی گرتە دەست و ئەرمەنستان بوو بەدووەم شانشینی سەربەخۆی ئەشکانی. دوای کۆمەڵێک جەنگی خوێناوی دوورودرێژ لە نێوان ڕۆمیەکان و پارتەکاندا، نیرۆن -ی ئیمپراتۆری ڕۆم لەسەر داوای بلاشی یەکەم بەبەخشینی پاشایەتیی ئەرمەنستان بەبراکەی (تیرداد) ڕازی بوو بەمەرجێک تیرداد بچێتە ڕۆم و تاجی پاشەتی لەدەستی نیرۆن وەربگرێ. تیرداد چووە ڕۆم و تاجی پاشایەتیی ئەرمەنستانی بەدەستی قەیسەری ڕۆم وەرگرت و بوو بەپاشای ئەرمەنستان. ئەم حوکمدارییەتیە بۆ چەند پشت و تا ساڵی ٢٢٥ی زایینی درێژەی هەبوو. لە ٢٢٦ی زاییندا ئەردەشیری بابەکان کە لە بنەماڵەی ساسانی پاشای پارس بوو، ئەردەوانی پێنجەمی ئەشکانیی لەسەر تەخت لاداو پاشایەتیی ئێران کەوتە دەست ساسانییەکان. بەهاتنی ساسانییەکان، ئەرمەنستان بوو بەئامانجی داگیرکردنی پاشاکانی ئەشکانی کە لە ئەرمەنستان حوکمیان دەکرد. کوڕەکانی ئەردەوانی پێنجەم کە پەنایان

بردبۆ بەر پاشای ئەشکانیی ئەرمەنستان، چاوەڕێی دەلیڤەیەک بوون تا تۆڵەی خۆیان لە ئەردەشێر بکەنەوە.

لە ساڵی ٢٣٠ی زایینی، ئەردەشێری ساسانی پەلاماری رۆم و ئەرمەنستانی دا. هەرچەندە زۆر شوێنی گرنگی ئەرمەنستانی داگیرکرد، بەڵام بەشی گەورەی سوپاکەی لەسەردەستی تیردادی دووەم -ی پاشای ئەرمەنستان تووشی شکست هاتن. تا لە ساڵی ٢٥٢ - شاپووری یەکەمی ساسانی پەلاماری ئەرمەنستانی داو بەشی هەرە زۆری وڵاتی داگیرکرد و تا لێوارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست چووە پێش. تیردادی دووەم رایکردە رۆم و هورمـوزی کوڕی شاپور بوو بەپاشای ئەرمەنستان. لەکاتی هێرشی قەیسەری رۆم ئۆنۆرلیانوس، خەسرەوی دووەمی کوڕی تیردادی دووەم، بەیارمەتی رۆمیەکان بوو بەحاکمی بەشی رۆژئاوای ئەرمەنستان دواتر ئەرمەنستان گەڕایەوە ژێر پارێزگاریی رۆمەکان.

## ئەرمەنستان لەسەردەمی حوکمی ساسانییەکان

لە ساڵی ٢٢٤ زنجیرەی فەرمانڕەوای ئەشکانیەکان دوای چوار سەدە لە حوکم کردن بەسەر ئێران و دەوروبەردا لەنێوچوو، ئەردەشێری یەکەمی بابەکان، حکومەتێکی دەسەڵاتداری بەناوی ساسانیەکان دامەزراند، کە تا ساڵی ٦٤٥ واتا تا هاتنی عەرەبەکان بۆ ئێران حوکمی بەسەر ئێران و بەشێکی زۆر لە بین النهریندا دەکرد.

ساسانیەکان دابونەریتە کۆنەکانی ئێرانیان ژیاندەوەو سیاسەتێکی ناسیۆنالیستیان پێڕەو دەکردو لە پاڵ ئەمەشدا دەوڵەتێکی بەهێزیان دامەزراندبوو.

هاتنی ساسانیەکان کاریگەرییەکی مەزنی کردە سەر بارودۆخی ئەرمەنستان. ساسانیەکان حەزێکی یەکجار زۆریان بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دەوروبەر هەبوو، بەڵام ئەرمەنستان کەوتبۆ نێوان ساسانیەکان ئەو شوێنانەی ساسانیەکان چاویان تێبڕیبوون.

لە ساڵی ٢٢٨ بەو لاوە پەلامارە یەک لە دوای یەکەکانی ساسانیەکان بۆ داگیرکردنی ئەرمەنستان دەستی پێکرد لە ساڵی ٢٣٠ شەڕێکی قورس لە نێوان ساسانیەکان و رۆم روویداو، خەسرەوی پاشای ئەرمەنستان بەدژی ساسانیەکان هەڵوێستی وەرگرت. رۆمەکان لە شەڕی بین النهریندا تێکشکان، بەڵام ئەرمەنیەکان تا دوا هەناسە بەرگریان کرد.

لە ساڵی ٢٣٢، ئەلیکساندەر سێوەری ئیمپراتۆری رۆم لە تۆڵەی شکستی شەڕی بین النهرین پەلاماری ساسانیەکانیدا، بەڵام لەمەشدا دووبارە رۆمیەکان تێکشکان و ئەردەشێری ساسانی، ئەلکساندەر سێوەری تا شاری ئەنتاکیە راونا. پلانی داگیرکردنی ئەرمەنستان هەر لە مێشکی ساسانیەکاندا مایەوە، بەڵام تا سی ساڵ ئەمەیان بۆ نەچووە سەرو ئەوەش ئەوکاتەبوو کە خەسرەوی یەکەمی پاشای ئەرمەنستان تیرۆرکرا، بەو شێوەیە ئەرمەنستان کەوتە ژێر رکێفی ساسانیەکان.

**(٢)**

**ئەرمەنیەکان وەکو ئاڵقەی پێوەندی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا**

زۆربەی هەرە زۆری توێژەرەوان و کۆمەڵناسان و ئەوانەی باسی ئەرمەنیەکانیان کردووە. ئەرمەنی و خاکەکەیانیان بەسویسرای رۆژهەلاتی ناڤین لە قەڵەم داوە. ئەرمەنستان دوورگەیەکی مەسیحی نشینی یەکپارچە بوو کە کەوتبووە نێوان رۆژهەلات و رۆژئاواوە. ئەرمەنیەکان لە ٣٠١ی زاینی بوونە مەسیحی ئایینی مەسیحیان قەبوڵ کرد و بەم شێوەیە پەیوەندییەکی قوڵی ئایینی و فەرهەنگیان لەگەڵ رۆژئاوادا دروستکردو خۆیان لە پاشماوەی ئایینی زەردەشتی قوتار کرد بەم شێوەیەش یەک یەک پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ رۆژهەلاتدا پچراند. ئەم پەیوەندییەی ئەوان لەسەر بنەمای ئایین لەگەڵ رۆژئاوادا بنیادیان نا، بەرادەیەک بەهێزبوو لە (٢٠٠) ساڵ سوڵتەی عەرەبەکان بەسەر وڵاتەکەیان وای نەکرد ئەرمەنیەکیش ببێ بەموسڵمان! لەسەردەمێکدا کە ئەرمەنستان بایی ئەوەندە

توانای هەبوونی خۆی دۆستەکانی خۆی هەڵبژێرێت، هەمیشە لای ڕۆژئاوای گرتووە. ئەگەرچی کێشەی نێوان هەردوو شارستانیەتی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا زیانێکی گەورەی بەئەرمەنیەکان گەیاند، بەڵام دیسانیش ئەرمەنستان ئەو شوێنە بوو کە فکرو بۆچوون و بیروباوەڕەکانی هەردوو لای تێدا لە مەحەک دەدرا. ماکلر دەڵێ: «ئەرمەنستان نە ڕۆژئاوایی بوو و نەڕۆژهەڵاتی، بەڵام کەلتوور و شارستانیەتی خۆی لەهەردوولا وەرگرتبوو، ئەگەرچی لە هەردوولاشەوە زیانی پێ دەگەیشت»(١٩).

داهێنانی ئەلفوبێی ئەرمەنی لەلایەن ساهاک و درێژەدانی کاری ئەم پیاوە لەلایەن (مەسروپ)ەوە کە جێگری قەشە ساهاک بوو، ڕێی بۆ ئەرمەنییەکان کردەوە کە بەر لە نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات تێکەڵی دنیای مەعریفە بن.

مەسروپ - سەد قوتابی پێگەیاند و لەوانە هەندێکیان بە «وەرگێڕانی مەزن» ناوبانگیان دەرکرد. ئەم (وەرگێڕانە) نێردرانە ناوەندە گرنگەکانی فکرو هزری مەسیحیەت لە جیهاندا. ئالێرەوەیە کە ئەرمەنیەکان بناغەی فەرهەنگی خۆیان و گواستنەوەی ئەم فەرهەنگە بۆ ڕۆژهەڵات دادەڕێژن. ناوەندە گرنگەکانی فکرو هزری مەسیحیەت لەوکاتەدا بریتی بوون لە: «ئۆدس (ئورفا)، ئاتێن، قوستەنتەنیە، سێزارە (قصیریە) و ئەسکەندەرییە کە بەکتێبخانە بەناوبانگەکەی (بەتلیموس) بۆ چەندین سەدە دەچوو ببۆوە گەورەترین ناوەندی فەرهەنگی لە دنیادا، ئەم وەرگێڕانە بۆ ئەوە نێردران تا زۆرترین و گرنگترین بەرهەمەکان کۆبکەنەوەو لەگەڵ خۆیاندا بیهێننەوە بۆ ئەرمەنستان. ئەم وەرگێڕانە کە گەڕانەوە ئەرمەنستان، بناغەی دەزگایەکی بەناوبانگیان داڕشت کە ناوی نرابوو «مەکتەبی ئەرمەنیی ڕاڤەکاران (وەرگێڕان)(٢٠) تا سەدەی پێنجەم و شەشەمی زایینی، دەیان کتێب و رسالەی بەناوبانگ کە زۆربەیان ئایینی بوون، وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئەرمەنی و بەنێو ئەرمەنیەکاندا بڵاوکرانەوە.

«ئاتێن، ئەسکەندەرییە، قوستەنتەنیەو ڕۆم پڕی ئەو ئەرمەنیانە بوو کە دەستە دەستە

دەهاتن و لە پای مینبەرەکانی عیلم و مەعریفە، ئەدەب و فەلسەفە دادەنیشتن و دەبوون بەقوتابی.

ئەوان زیاتر دەهاتنە قوتابخانەکانی ئاتێن و لە وێ پتر دەردەکەوتن. بەناوبانگترین ئەو نومایندە ئەرمەنیانە لە پایتەختی پرۆئیرەسیوس (پارۆئیز)ی بەناوبانگە ئۆناپ (Eanape) لە کتێبەکەی خۆیدا لەژێر ناوی (ژیانی فەیلەسوفەکان) باسی لێوە دەکات یۆنانیەکان هەیکەلێکی گەورەیان بۆ لە شاری رۆم دروست کرد..»[٢١] ئەمانە فەسڵی یەکەمی رۆشنبیران و بلیمەتانی هەڵکەوتووی ئەرمەنی بوون کە پتر ملیان نایە بەر وەرگێرانی مەعریفەو فەرهەنگی بیانی بۆ سەر ئەلفوبێی و زمانی ئەرمەنی، فەسڵی دووەمی رۆشنبیران لە سەرەتای سەدەی چواردەمەوە دەستیان بەنووسینی تێکستی ئەدەبی کرد بەشێوەیەک کە وەکو فیکتۆرلابو دەڵێ: «نووسەرانی ئەرمەنی لەتەواوی بوارەکانی ئەدەبدا بەدیارکەوتن. ئەدەبیاتی سەدەی چوارەم و پێنجەمی ئەرمەنیەکان یەکێکە لە رەسەنترین و پڕ بەهاترین ئەدەبیاتەکانی دنیای مەسیحیەت»[٢٢].

زمانی ئەرمەنی و گەشەکردنی خێرای ئەم زمانە بووە هۆی ئەوەی کە ئەرمەنیەکان بەر لە زۆربەی میللەتانی دیکەی ئەوروپا، کە هێشتا ئەدەب و زمانەکەیان بە زمانی لاتین بوو، ببن بەخاوەنی ئەدەبی سەربەخۆ.

ئەرمەنیەکان لە پاڵ ئەمەدا بەشتێکی هەرە زۆری نووسینەکانی خۆیان بۆ تۆمارکردنی مێژووی خۆیان (مێژووی کۆن و نوێ) تەرخان کرد و پتر لە هەموو نەتەوە مەسیحییەکانی دیکەی رۆژهەڵات ملیان لەبەر نووسینەوەی مێژوو ناو لەو بوارەدا تا بۆیان کرا بەڵگەی مێژوویی جیاجیان بۆ سەلماندنی رەچەڵەک و رێرەوی مێژوویی نەتەوەکەیان کۆکردنەوە.

گەورەترین و بەناوبانگترین مێژوونووسی ئەرمەنی کە بەهێرۆدۆتی میللەتی ئەرمەن ناوبانگی دەرکردووەو یەکەم کتێبی لەسەر مێژووی ئەرمەنستان نووسیووە، (موسا خۆرنی)یە، هەرچەند ئەو کتێبەی ئەو لە بارەی مێژووی ئەرمەنستانی نووسیووە، پڕە لە

درۆ و شتی دوور لە عەقڵ و ئەفسانە ئامێز، بەڵام دیسان ئەوە دەلالەت لە رۆحی مێژوو دۆستی ئەم میللەتە دەکات و ئەوە دەردەخات کە هەر لەسەر تاوە ئەم میللەتە عەودالّی رۆنانی بناغەی پتەوی نەتەوەیی بوونە.

سەرەڕای ئەم هەولانە، ئەرمەنەکان رۆڵێکی گرنگیان لە نووسینەوەی مێژووی گەلانی دەوروبەری خۆشیاندا هەبووەو «لە سەدەی حەوتەمدا ئۆسقۆف سبەئۆس کتێبێک سەبارەت بە جەنگەکانی ئیمپراتۆر هیراکلیوس و فتوحاتی عارەبەکان دەنووسێ و زانیارییەکی بەپێزو پڕ بەها لەو بارەی ئەم دوو میللەتە دەداتە دەست، لەسەدەی هەشتەمدا، غەوند سەبارەت بەفتوحاتیی عارەبەکان بەئەرمەنستان و دواتر کتێبێکی موسا کالانکاتوایی هەیە سەبارەت بەمێژووی ئەلبانیەکان و گەلانی قەفقاز...»[٢٣]

خوێندنەوەی ئەم بەرهەمانە سەرەڕای دەیان بەرهەمی دیکەی بەپێز سەبارەت بەمێژووی نەتەوەی ژێرمەن و ئەوروپاییەکان، ئەوکایەیە بۆ خودی ئەرمەنیەکان و میللەتانی دەوروبەر دێنێتە ئاراوە کە بتوانن هەم لەوکاتەداو هەمیش بۆ دواتر مێژووی خۆیان و ناوچەکەیان بناسن، ئەم ناسینە مێژووییە دەروازەیەکی گرنگە بەسەر رەوشی بەنەتەوەبوون و چەسپان و رۆنانی بناغەکانی دەوڵەت.

کارو چالاکییەکانی ئەرمەنیەکان لە بواری هونەری بیناسازی، نووسینەوەی مێژوو و ئەدەبیات و هونەر، بەرادەیەک پێشکەوت کە بە ئەوروپاییەکانی ئاسیا نێوبانگیان دەرکرد.

لەسەدەی پێنجەم بەولاوەش کە ئەرمەنستان بەسەر دوو بەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، واتا بەشی ژێر دەستەڵاتی بیزانس و ئێراندا دابەش بوو دیسان پێشکەوتنی فەرهەنگی ئەرمەنیەکان هەر درێژەی هەبوو.

ئەم دابەشبوونە ئەگەرچی بووە هۆی جیاوازیی فەرهەنگی و سیاسی، بەڵام لەهەمانکاتدا، ئەرمەنەکان ئەم دەلیڤەیەیان بەقازانجی خۆیان قۆستەوە. ئینجا دواتر داگیرکردنی ئەرمەنستان لەلایەن عارەبەکانەوە هەمدیس بووە هۆی ئەوەی کە

شارستانیەتی عارەبی بەکاریگەریی بەسەر ئەرمەنیەکاندا (کە لەبەشی دواتردا بەدرێژی باسی لێوە دەکەم) نموونەیەک لە تێکەڵاوی فەرهەنگی و بەتایبەتیش لەو خاڵەیەدا کە هێڵی بەیەکگەیشتنی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بووە، گرنگیی هەیە.

لێ گرنگترین پاژێک کە ئەرمەنیەکان دوای باوەڕهێنانیان بەمەسیح لە فەرهەنگ و شارستانیەتدا هەیان بووە، بواری بیناسازی و میعماری بووە. ئەم میعمارییە بەڕادەیەک شارەزایانەو لێهاتووانە بووە کە بە بەرجەستەکردنی روحی میللەتێک لە نەخش و دیوارو بورج و تاقدا وەسف دەکرێت.

سترێزی گووڤسکی، کە لێکۆڵەرەوەیەکی ئۆتریشییە لە کتێبی «هونەری میعماری لە ئەرمەنستان و ئەورووپا»دا لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە مبارەیەوە دەخاتەڕوو. نێوبراو ئەوە روون دەکاتەوە کە میعماریی مەسیحیی رۆژهەڵات تا سەدەی یازدەهەم بەسەر میعماری دیکەی مەسیحیانی رۆژئاوادا زاڵ بووە. هەروەها ئەوەش دەسەلمێنێت کە ئەو میعمارییە رۆحیەی کە لە دوای سەدەی یازدەهەم لە ئەورووپادا رەواجی پەیدا کرد، هەمدیس لەژێر کاریگەریی میعماریی ئەرمەنیدا بوو. بەڵام ئەرمەنیەکان ئا لەمەشیاندا وەک پێشتر باسمان کرد، رۆڵی زنجیرێکی پێکەوە بەستراویان هەبووە دروستکردنی گومەز (گونبەد) لەناو ئێرانیەکاندا کە سیمبۆلی خۆر بووە، بەشێک بووە لەو هونەرە وەرگیراوەی کە ئەرمەنیەکان کاری میعماریی خۆیان پێ کامڵ کردووە. ئینجا ئەم گومەزسازییە بەو شێوەیەی کە ئەرمەنیەکان لە بیناکانی خۆیاندا گوونجاندووە، دواتر بەگوتەی گووڤسکی. دەگوێزرێتەوە بۆ قوستەنتەنییە، یۆنان، وڵاتانی باڵکان و ئینجا بۆ ئیتاڵیا و باشووری فڕانسە.

**(٣)**

## پەلاماری عارەبەکان

لە ساڵی ٤٣٠ تا ٦٣٤ی زایینی ساسانیەکان لە رێگەی چەند ئەشرافێکەوە حوکمیان بەسەر ئەرمەنیەکاندا کرد، بەڵام دوای ئەمە قۆناغێک دەست پێدەکات کە وەک مێژوونووسان دەبێژن، رووخساری رۆژهەڵات دەگۆڕێ و کاردەکاتە سەر شێوەی ژیان و بڕواکانیان ئەم قۆناغە هاتنی ئیسلامەتی و ئیمپراتۆرییەتی عارەبانە بەسەر بەشێکی گەورە لە دنیادا.

کاتی هاتنی ئیسلام لە رێگەی محەممەدەوە، ساسانیەکان ئایینە زەردەشتییەکەی خۆیان لە بەشێکی ئەرمەنستان و میزۆپۆتامیاو ئێراندا چەسپاندبوو، بەشەکەی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوین) ئاسیای بچووک، بەشێکی لە ئەرمەنستان، سوریا، فەلەستین و میسر) لەژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی رۆمای رۆژهەڵات واتا بیزانسدا بووە و دانیشتوانی سوریا، فەلەستین و میسر مەسیحی بوون.

کاتێ محەممەد لە ساڵی ٦٣٢ی زایینی کۆچی دوایی کرد، تازە بەتازە عارەب توانیبوویان وڵاتی خۆیان یەک بخەن و سەقامگیرییەکی تێدا دروست بکەن.

دوای ئەمە قۆناغی خولەفا دەست پێدەکات، کە لە هەمانکاتدا ئیسلام و عارەبەکان دەخاتە چاخی زێڕینی خۆیانەوە عارەب لە سایەی ئەو یەکگرتووییە نێوخۆییەی کە دوای مردنی (محەممەد) دێتە کایەوە، لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا لە هێزی سێیەمەوە دەبن بەهێزی باڵادەستی ناوچەکەو تەنانەت جیهانیش.

هاتنی ئەبوبەکر و عومەر هاوکاتە لەگەڵ لاوازیی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی بیزانس بەسەرکردایەتی هیراکلییۆس (هرقل) و ئیمپراتۆرییەتی ساسانی بەسەرکردایەتی خەسرەو پەرویز، ئەم دوو ئیمپراتۆرییەتە ئەوەندەیان بەسەروگوێی یەکدیدا کێشابوو کە توانای بەرگری لە بەرامبەر هێزێکی حەساوەی وەکو عارەبانیان نەمابوو. عارەب لە ساڵی ٦٣٤داو لە شەڕی

بەناوبانگی (یەرموک)دا سوریاو فەلەستین و میسریان داگیر کرد، لە ساڵی (٦٣٧)یش لە قادسیە پشتی ئێرانیەکانیان لە عەردی داو، لە ٦٤٢ بەیەکجاری و تەواوەتی دەستیان بەسەر هەمـوو خاکی ئێران زەمـیندا گـرت، ئیدی لەوێ بەولاوە دەسـتـیـان بە گرتنی دنیا کـردوو لە (٧١١)دا ئیسپانیان گرت.

دوای ئەوەی عـارەب ئێرانیـان گرتبوو، رووی خۆیان بەرەو باکور وەرگێڕاو لە ئاوی ئاراس پەڕینەوەو پەلاماری ئەرمـەنسـتـانیـاندا. بەپێی شاهیـدیی مـێژوونـووسانی بەناوبانگی وەک بلادزی، طبری و یاقوتی حـموی، ئەرمـەنیـەکـان لە هەمـوو مـیللەتانی دیکە پتـر خـۆیان لە بەرامبەر عارەباندا راگرت و هێرشەکانی ساڵانی ٦٤٠ و ٦٤٢یان تێکشکاندن. عارەب قەت نەیانتـوانی ئەرمـەنسـتـان داگـیـر بکەن، بەڵام توانیـان وا بکەن کە ئەرمـەنیـەکـان بەبێ ئەوەی فـشـاریان بۆ بهـێندرێ، دەسـتـەڵاتی عـارەبان قـەبوڵ بکەن. ئەو قـەبوڵ کـردنی دەسـتـەڵاتەی عـارەبان بەو مانایە نەبوو کە ئەرمەنیەکان دەستبەرداری ئایینی خۆیان بن و ببنە موسـڵمـان، بگرە تەنها بۆ ئەوەندە بوو کە ئەرمەنیەکان ئەوە بۆ عارەبان بکەن کە بۆ بیزاسنەکانیان دەکرد.

کاتێ مێژووی ئەرمەنستان دەخوێنینەوە، دەبینی بەردەوام ئەرمەنیەکان ئەسپی تاودراوی بیزانسەکان بوونەو لە کوێ حەزیان کردبێ بەکاریان هاوردوون. بۆیە عارەب لە پەیمانێکدا کە ئەوکاتە لەگەڵیـاندا بەستن داوای ئەوەیان لێکردن کە (١٥) هەزار سواری ئامادە لەناو خۆی وڵاتیاندا ئامـادە بکەن و، جگە لە شـەڕی بەرەی سوریا کە بیـزانسـەکانی لێ بوون بۆ هەمـوو جێگەیەکی دیکە بیان بەن.(٢٤)

ئەم داگیرکارییەی عارەبان دوو سەدەی خایاند، لەو ماوەیەدا زۆریان هەوڵدا، ئەرمەنیەکان بکەنە مـوسـڵـمـان، بەڵام سـەری نەگـرت، یان دەبوو هەمـوویان بکوژن یانیش دەبـوو بەوەندە رازیبن کە دەستیان کەوتبوو.

ئەم داگـیـرکـارییـە عـارەبەکـان تا سـاڵی (٨٨٥) درێژەی کـێـشـا لەو سـاڵەدابـوو کـە شـازادە (ئاشوت)ی بەگـراتۆنی توانی دەوڵەتی مەزنی ئەرمـەنسـتـان دامـەزرێنێـتـەوەو تاجی شـاهی لەسـەر بنێ.

**(٤)**

## یەکەم رووبەڕووبوونەوەی کوردو ئەرمەنیەکان لە مێژوودا

یەکەم پێکدادانی نێوان کوردو ئەرمەن وەک دوو نەتەوە و وەکو ئەوەی کە لە مێژوودا تۆمار کرابێ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوسەردەمەی کەعارەب دەستییان بەسەرناوچەکە داگرت.گرنگی باسکردنی ئەو بەشەی پێشوو، کەپەیوەستە بە داگیرکردنی ئەرمەنستان (داگیرکاریی سیاسی) چەند خاڵێکی گرنگە کە لە هەموویان گرنگتر بەرەو روبەڕووبوونەوەی کوردو ئەرمەنەکانە. گرنگیی یەکەم ئەوەیە کە ئەرمەنستان قەت بەتەواوەتی نەکەوتە ژێر رکێفی عارەبان (هەرچەند لەو دوو سەدەیەدا چەند جارێک بیزانسەکان ئەرمەنستانیان داگیرکرد، بەڵام عارەب پاڵیان پێوەدەنانەوە)، دووەمیان ئەرمەنیەکان تاکە میللەتی رۆژهەڵاتی ناوێن کە ئیسلامیان قەبوڵ نەکردو ملکەچی ئەو ئاینیە تازەیە نەبوون.

ئینجا هەروەک لە پێشتردا باسمان کرد، بەپێی پەیمانێک کە لە نێوان خەلیفەی عارەبان و تیئۆدرۆس جێگری سەرداری ئەرمەنیەکان ئیمزا کرابوو، دەبووایە ئەرمەنیەکان (١٥) هەزار سەربازی ئامادە لە خزمەت عارەباندا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنانیاندا سازو بەرگ بکەن. بۆ ماوەیەکی زۆر سەرکردایەتی ئەو (١٥) هەزار سەربازە لە دەست خودی ئەرمەنیەکاندا بوو، بەڵام دوایی وردە وردە عارەب دەستیان بەسەر ئەو هێزەدا گرت. لەو ماوەیەدا عارەب ئەو هێزە(١٥) هەزار کەسییەی ئەرمەنیەکانیان لە زۆر شوێنی دنیاو لە دژی دوژمنەکانی خۆیان بەکارهێناو لەوانە چەندین جار ملیان پێ لەبەر ملی بیزانسەکان، خەزەرەکان و... هتد، نان. بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە لێرەدا گرنگە بەکارهێنانی ئەو هێزەیە لە دژی کوردان. ئابێن لە کتێبی «مێژووی میللەتی گورجی»دا دەبێژێ: «دواتر کاتێ ئیمپراتۆرییەتی عارەبان ملی لە هەڵدێر و لێکترازان نا، خەلیفەکانی بەغدا موحتاجی هاوکاریی سەربازی و لۆجستیکیی ئەرمەنیەکان بوونەوە. لەراستیدا ئەمیرە موسڵمانەکانی حاکمی وڵاتی دراوسێ، وەکو ئەمیرەکانی ئازەربایجانی ئێران و کوردستان ملیان بۆ دەستەڵاتی ناوەندی کەج نەدەکرد، بۆیە خەلیفەکانی بەغدا وەک چارەسەر هانایان بۆ

ئەرمەنیەکان بردوو لەسەر کوتکردنی ئەمانەدا سودیان لێوەرگرتن»

ئەمە لە زۆر شوێنی دیکەدا دووپات دەبێتەوە، بەڵام گرنگ لێرەدا سیاسەتی عارەبەکانە بەرامبەر بەو گەل و نەتەوانەی کە موسڵمان بوونە. ئەم سیاسەتە بریتییە لە بەکارهێنانی میللەتێک لە دژی میللەتێکی دیکەی غەیرە ئەمەش دروست ئەو سیاسەتەیە کە تورکانی عوسمانی و جێگرەکانیشیان هەیانبووە، لە مامەڵە لەگەڵ ئەو گەل و نەتەوانەی کە لە سنووری ئیمپراتۆرییەتەکەیاندا ژیاون. ئەگەرنا چۆن دەبێ ئەگەر خەلیفەی موسڵمانان تۆزقاڵێک باوەڕی بەئایینی ئیسلامەوە هەبووبێ، ئەرمەنێکی مەسیحی لە دژی کورد، ئێرانی، ئازەری و... هتد یەکی موسڵمان بەکاربێنێ و، خوێنیان بەدەستی مەسیحییان بڕێژێ؟

خستنەڕووی ئەم پرسیارەی سەرەوەم لەوەڕا نییە کە مەبەستم بێت دیفاع لە ئیسلام بکەم، بەقەدەر ئەوەی کە گەرەکمە بێژم چۆن عارەب ئەم ئایینەیان کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و لە دژی میللەتانی دیکەی نا عارەب بەکارهێناوە.

تێکدان و پێکدادانی جودا جودای تۆمارکراو لە مێژووی ناوچەکە زۆرن، بەڵام هیچ کاتێ ئەم تێکدان و پێکدادانانە بەشێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو وەک ئەوەی عارەب و بیزانسەکان کردوویانە نەبووە. بۆیە سەرەڕای ئەوانە دەبینین دوژمنایەتییەکی قووڵی ئەوتۆ لە نێوان کوردو ئەرمەنیەکاندا نابیندرێت، تەنانەت لە مێژووی ئەرمەنستاندا شتی سەیر بەدی دەکەین وەکو ئەو ڕووداوەی کە لەسەردەمی حوکمی تورکانی سەلجۆقی بەسەر ئەرمەنستاندا ڕوودەدات (لەسەدەی دوازدەهەم تا چواردەهەم، ئەرمەنستان لەژێر حوکمی سەلجوقی و مەغۆڵەکاندا بوو). لە سەدەی دوازدەهەمدا کە سەلجۆقیەکان دەستیان بەسەر ئەرمەنستاندا گرت، حکومەتێکی هاوبەشیان لە کوردستان و ئەرمەنستان پێکهێنابوو؛ سەرۆکایەتی ئەو حکومەتەیان بەئامۆزایەکی سەلاحەدینی ئەیوبی کە بەشاهی ئەرمەن بەنێوبانگ بوو، سپاردبوو.

**(٥)**

تا ئێرە چاوخشاندنێکی بەپەلە بوو بەسەر مێژووی کۆنی ئەرمەنستانداو، بەشێک لە سیماو خەسڵەتەکانی میللەتی ئەرمەنی.

کوچاندن، کوشتن، شەڕو بەرگری بەتایبەتمەندییە هەرە گرنگەکان و رووخسارە دیارەکانی مێژووی ئەرمەنستانە کە کوردەکانیش وەکو میللەتێک لەم خەسڵەت و سیمایانە هاوبەش و شەریکن.

لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا کاتێ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، کە پێشتر ئەورووپای هەراسان کردبوو، یەکەم نیشانەکانی زەواڵ و دارمانی لێوەدیار دەکەون و وردە وردە رۆژئاوا رووی خۆی رووەو ئەرمەنیەکان و لە پاڵ ئەوانیشدا میللەتانی دیکەی رۆژهەڵات وەردەگێڕێ. سەردەمی ئیستعمار دوای رێنێسانسی جیهانی رۆژئاوا دەست پێدەکات و پەلهاوێژیی فرانسی، ئینگلیزی، ئیتاڵیانی و ئیسپانیاییەکان بۆ رۆژهەڵات و لەتەک ئەوانیشەوە رووسیای تێزاری دەست پێ دەکات. ئەمە لەمێژووی ئەرمەنستاندا بە دۆزینەوەی سەر لە نوێی ئەرمەنییەکان لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە نیوزەد کراوە. ژان ژاک رۆسۆ لە کتێبی دان پێدانەکانیدا باسی ئەرمەنیەکان دەکات و تەنانەت باسی ئەوە دەکات کە جلی ئەرمەنی لەبەردەکات، لەبەرئەوەی زۆر پێی فەرِاح و خۆشە قۆڵتەرو کانتیش باسیان دەکەن.

ئامانجی ئەم دۆزینەوە سەر لەنوێیەی ئەرمەنیەکان روون و ئاشکرایەو یەکەم کەسێ کە دەرکی بە گرنگیی میللەتی ئەرمەن لە پەلهاوێژیی پتر بۆ رۆژهەڵات کردبوو ناپۆلیۆن بۆناپارتی ئیمپراتۆری فرانسەیە کە ئامانجی ئەوە بووە ئەرمەنیەکان بەتایبەتی و میللەتانی ژێردەستەی دیکەی رۆژهەڵات لە دژی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی هان بدات و بەقەوڵی خۆی بەپێشڕەوی بەناو خاکی میللەتانی نارازیدا، لەشکرەکەی چەندین قات زێدە بکات.

بەڵام لە حەقیقەتدا خودی سەرهەڵدان و رووداوی شۆڕشی فەرەنسی بووە لەمپەڕ

لەبەردەم ئەوەی کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە نێوان رووس و ئۆتریشدا بەش بەش نەبێ و، بەهەمان شێوەش شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ی رووسیابوو کە دووبارە بەهانای تورکەکانەوە هات و رێگەی نەدا رووسەکان بگەنە گەروەکانی بسفۆر و داردانێل و بەو شێوەیە تورکەکان توانیان ئەم گەرووانە لەگەڵ خاکی کوردستان و ئەرمەنستان پێک بدوورن و ناوی بنێن کۆماری تورکیا. شەڕو ململانێی ئێمپراتۆرییەتی فەڕانسی لەگەڵ ئۆتریشی و رووسەکاندا دەلیڤەیەکی (٢٥) ساڵیی لە (١٧٩٠ تا ١١٨٥) بۆ تورکەکان رەخساند تا هەناسەیەک بدەن. ئەگەرنا هەر لەوکاتەدا رووس و ئۆتریشی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیان پارچە پارچە دەکرد.

دوای ئەم قۆناغەش واتا لە ١٨١٥ تا ١٩١٥، سیاسەتی بەریتانیای مەزن بەو ئاراستەیەدا بوو کە تورکیا لەژێر دەستەڵاتی عوسمانیەکان: ئەو عوسمانیانەی کە لاوازتر لەوە بوون زیان بەبەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بەریتانیا بگەیەنن و وڵاتەکەیان لەسەر رێگای ستراتیژییەک و بازرگانیی هیند بوو.

بۆیە لێرەدایە کە دەبینین چارەنووسی میللەتانی نێو ئەو ئیمپراتۆرییە بووە بەقوربانیی بەرژەوەندیی ئابووریی زلهێزەکانی ئەوسا.

لە بەرامبەر ئەم چەند تێڕوانینەی سەرەوەدا، فەرانسە کە پێشتر لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم پشتی تورکەکانی گرتبوو لەبەرامبەر رووسەکاندا، بەبیانووی ئەوەی کە بالانسی ئەوروپا تێک نەچێ،لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە بایدایەوە و یارمەتیەکی نایابی لە پێناو سەربەخۆیی لەدەست دەسەڵاتی تورکەکان پێشکەش بەیۆنانی و میسری و مارۆنییەکانی لوبنان و هتد...کرد.

سیاسەتی فەڕانسە لەبەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئیمپراتۆرییەی عوسمانیدا بریتی بوو لەوەی کە بەرگری و پشتگیری لەو میللەتانە بکرێت کە لەناو ئیمپراتۆرییەتدا دەژین، تا بەڵکو رۆژێک وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆیان لێ بێت.(٢٥)

ئەڵبەتە ئەم سیاسەتە بەنسبەت هەڵوێستی فەرانسیەکان لەکاتی سەرکەوتنەکانی ئەتاتورک زۆر جیاوازە.

لە کۆی گشتیدا پووکانەوەی تورکەکان ڕێگەی لەبەردەم دەستڕۆیشتوویی و فراوانخوازیی هێزە ئەوروپاییەکاندا کردەوەو، ئەم فراوانخوازییەش تەنها لە ڕێگەی دنەدان و پشتگیری لە میللەتانی (بەتایبەت مەسیحییەکان)ی نێوئیمپراتۆرتی عوسمانی مەیسەر دەبوو و. وردە وردە ڕۆخاندی. بولغارو سرب و یۆنانیەکان بەبەخشینی بەهایەکی یەکجار قورس توانییان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بێنن، بۆیەش دەڵێم قورس، چونکە قەساوەت و دڵڕەقیی تورکەکان لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ هاواری رزگاریخوازی ئەو میللەتانەدا کەم وێنەیە. یۆنانیەکان کە ئەوسا (٧٠٠) هەزار بوون، بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی (٣٠٠) هەزار قوربانییاندا.

ئەمە وایکرد نەک هەر ئەرمەنیەکان وەخۆ بێنەوەو بخوازن لەژێر رکێفی تورکەکان دەرچن، بگرە سەرنجی زلهێزەکانیشیان بۆ لای خۆیان راکێشا.

یەکەم نزیکبوونەوە و بەشداریی ئەرمەنیەکان لەشەڕ لە دژی تورکە عوسمانیەکان کاتێک رووی دا کە رووسیا لەلای سنورەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە ملی لەبەر ملی تورکەکان نا. ئامانجەکانی رووسیا روون و ئاشکرابوون، بەڵام قەت زاتی ئەوەی نەکرد پتر لەوەی کە پێویست بوو بچێتە پێش، چونکە بەردەوام لەوە دەترسا کە ئەگەر ئینگلیزەکان پێشڤەچوونی ئەوان لە خاکی عوسمانیدا بەدی بکەن، خێرا دەست بەسەر گەرووەکاندا دەگرن و، ئەوەش رووسەکانی مایەپووچ دەکرد.

رووسەکان لە ١٨٢٨ پەلاماری عوسمانییان دا و لەم جەنگەیاندا کەسەرکەوتنیان تێدا بەدەست هێنا کوردو ئەرمەنیەکان (کوردەکان یەکەمجاربوو کە لە دژی سوپای ئیسلامداو بەقازانجی رووسەکان دەجەنگان) شان بەشانی لەشکری رووس تا ئەرزرۆمیان گرت. ئەمە رووداوێکی زۆر مێژووییە کە دوو میللەتی ژێر دەستە لەگەڵ زلهێزێکدا دەچنە

شەڕی چەوسێنەرێکی دڵڕەق و دڕندە. بۆیەش وادەڵێم چونکە هەر کە پەیمانی (ئەدیرنە) ئیمزاکرا و عوسمانی و ئینگلیزەکان، رووسیایان ناچارکرد بەبەشێکی یەکجار کەم لەو خاکەی کە گرتبووی قەناعەت بکات و ئەوەی دیکەی بداتەوە بەعوسمانی، پتر لە (١٠٠) هەزار ئەرمەنی لە ترسی ئەوەی عوسمانی تۆڵەیان لێ بکاتەوە، دوای لەشکری رووس کەوتن و پەنایان بردە بەر ئەرمەنستانی ئەودیو.

رووسەکان هانی ئەرمەنیەکانیان دەدا کە بەرەو رووسیا کۆچ بکەن. تەنانەت ئەو (١٠٠) هەزار ئەرمەنیەی کە بەرەو ئەوێ کۆچیان کردبوو، بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە دانی باج و خەراج بەخشران لە شوێنی باش ئاکنجی کران ئەم هاوڕایی و هاوسەنگەرییەی ئەرمەنیەکان لەگەڵ سوپای رووسیادا هەیانبوو مایەی خۆشحاڵی زۆری رووسەکان بوو. ئەرمەنیەکان لە هەردوو جەنگی ١٨٢٦-١٨٢٧ی رووسیا لەگەڵ ئێران و ١٨٢٧-١٨٢٨ی رووس لەگەڵ عوسمانیدا شان بەشانی رووس لە دژی دوژمن جەنگابوون، بۆیە رووسەکان هەندێ بەڵێنی سەخاوەتمەندانەیان بە (نێرسس)ی گەورە ئۆسقۆفی ئەرمەنییان لە (تفلیس) دابوو و، ئەوانە پێیان گوتبوو کە ویلایەتێکی خودموختار بۆ ئەرمەنییان لە چوارچێوەی رووسیدا چێ دەکەن.

ئەوانە تەنها وەکو بەڵێنێک مانەوە و رووسیا ١٨٣٦ بەو لاوە سیاسەتێکی یەکجار جوداوازەی لە هەمبەر ئەرمەنیەکان گرتەبەر؛ خوێندن و نووسین بەزمانی ئەرمەنی لە قوتابخانەکان راگیراو تەنانەت لە ساڵی ١٨٩٠ هەوڵدرا تێکڕای ئەرمەنیەکان بهێننە سەر مەزهەبی ئۆرثۆدۆکس.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەرمەنی دیسان لەوەی کە رووس حوکمیان بکەن پەژیوان نەبوون. (هاگستاوزن) لەو بارەیەوە دەڵێ: «ئەرمەنیەکان لەو باوەڕەدا نینە کە رووسەکان وڵاتی ئەوانیان داگیرکرد بێ، بەڵکو وایان داناوە کە سوپای رووس رزگاری کردبن. ئەوان تەنها میللەتێکی ئەودیوی قەفقازن کە تا دوا هەناسە بەرووسەکان وەفادارن، بەڵام رووس

لەوە تێناگەن». [٢٦]

لەکاتی شەڕی (کریمە)ش (١٨٥٣-١٨٥٦) دووبارە سەرلەشکرە ئەرمەنیەکان لە ریزی پێشەوەی ئەو کەسانەبوون کە گورزی کوشندەیەیان لە سوپای عوسمانی دەدا؛ ژەنراڵ «بەهیوشیان»ی ئەرمەنی ئەو کەسە بوو کە بەری بەنەخشەو پلانە جەنگیەکانی تورکەکان گرت.

ئەفسەر و سەرلەشکری گەورەی لە بابەت لوریس ملیکیان کە دواتر تاپلەی سەرۆک وەزیرایەتیی قەیسەریی روسیا ئەلیکساندەری دووەم سەرکەوت، رۆڵی قارەمانەیان لە شەڕەکانی نێوان عوسمانی و روسیادا بینی.

ئەفسەرانی ئەرمەنی لەنێو سوپای رووسیادا کەم نەبوون «لوریس ملیکیان - لازاریان - ترگۆکاسیات و شلوونیکیان» ئەوانە بوون کە مایەی سەربەرزیی سوپای رووسیابوون.

## (٦)

## مەسەلەی ئەرمەنستان

لەسەروبەندی شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ی رووس و عوسمانیدا بارودۆخی ئەرمەنیەکانی ئەرمەنستانی تورکیا زۆر لە بارودۆخی سرب و بۆسنیەکان و بولغارییەکان خەراپتربوو.

بەر لەو مێژووە زۆر کارەساتی مرۆیی روویاندا، بۆ نموونە ئەو کۆمەڵکوژیەی کە لە ١٨٦٢ لە ناوچەی تۆرۆس و لەسەر دەستی تورکەکان روویدا.

هەوڵەکان بۆ بنبڕکردنی جیاوازیی رەگەزی و ئاینی لەنێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا لەگەڵ شکستدا رووبەڕووبۆوە. بۆیە کاتێ شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ دەستی پێکرد، جارێکی دیکە ئەرمەنستان بۆوە بەگۆڕەپانی زنجیرەیەک کارەسات و رووداوی زۆر دڵتەزێن. تەنها لە

شاری بایەزید، نزیکەی (٢٤٠٠) کەس لە ئەرمەنییەکان بەدەستی تورکە عوسمانیەکان کوژران.[٢٧]

ئەم کوشتارە ئەوەی لێکەوتەوە کە کاتێ سەرکردایەتیی سەربازیی رووس لە باڵکان ویستیان لەگەڵ عوسمانییەکاندا پەیماننامەیەکی ئاشتی مۆر بکەن، مەرجی ئەوەیان بۆ عوسمانییەکان دانا کە عوسمانی لەو شوێنەی کە ئەرمەنیەکان زۆرینەن و لەژێر دەستەڵاتی ئەوان دایە خودموختاری بدەن بەئەرمەنەکان. ئەم پەیمانی ئاشتیەی نێوان رووس و عوسمانی کە پەیمانی «سەن ئێستێفانۆ» بەناوبانگ. و لە (٣)ی ئازاری ساڵی ١٨٧٨دا ئیمزا کراوە، برگەیەکی تێخرا کە لە قازانجی ئەرمەنیەکان بوو، بەڵام ململانێی نێوان ئینگلیزو رووسەکان لەو کاتەداو ترسی ئینگلیزەکان لەوەی کە جێبەجێ بوونی ئەم پەیماننامەیە بۆ هەتا هەتایە جێ پێی رووسەکان لەنێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا قایم بکات، بووە هۆی ئەوەی کە قەت ئەم پەیمانە جێبەجێ نەبێت.

برگەی (١٦) پەیمانی سەن ئێستیڤانۆ بەم شێوەیە بوو: «لەبەر ئەوەی چۆڵکردنی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن رووسەکانەوە لە عوسمانی داگیرکراون، رەنگبێ ببێتە هۆی کێشەو شەڕو دوایی پەیوەندییەکان تێک بداتەوە، بابی عالی بەڵێن دەدات کە دەستبەجێ خودموختاریی ئیداری بە ویلایەتە ئەرمەنی نشینەکان بدات و ماڵ و گیانیان لە پەلاماری چەرکەس و کوردەکان بپارێزێ». ئالێرەوەیە کە دەبینین مەسەلەی ئەرمەنییەکان بۆ پاوانخوازیی رووسەکان دەبێ بەکارتێکی بەهێز بەدەست رووسیاوە. لە بەرامبەر ئەم هەنگاوەی رووسەکاندا ئینگلیزەکانیش ناتوانن دەست لەسەر دەست دانێن و تەماشاچی بن، چونکە ئەم ملکەچییەی عوسمانی دەیتوانی وا بکات کە رووس دەست بەسەر بەشێکی زۆر لەعوسمانیدا بگرن، بۆیە ئینگلیزەکان خۆیان پابەندکرد بەپاراستنی یەکێتی خاکی عوسمانی و لەبری وەرگرتنی دوورگەی (قوبرس) لە عوسمانی وایان کرد پەیمانی سان ئێستیڤانۆ جێبەجێ نەکرێت.

بەڵام ئینگلیزەکان کە نەیاندەویست شەرمەزاری رای گشتی خۆیان و دنیای مەسیحییەت بن. وایان کرد کە هەم ئەرمەنی پارێزراو بن و هەمیش رووسیا بەرزەفت بکرێت. هەرچەندە رووسیا دوای پەیمانی سەن ئێستیفانۆ رازی بوو بەوەی کە ئەم برگەی (١٦)یە گۆڕانکاری تێدا بکرێت و خودموختاریی ئیداری بکرێ بە (چاکسازیی ئیداری) بەڵام تورکەکان کە قوبرسیان پێشکەشی دیزرائیلیی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کردبوو، هەستیان دەکرد داشیان سوارە بۆیە مەسەلەکە هەڵپەسێردراو برایە کۆنگرەی بەرلین.

رای گشتیی بەریتانیا کە گوێیان لەو سەودایەی بەرتیانیاو عوسمانیەکان بوو، گوشارێکی یەکجار زۆریان خستە سەر سەرۆک وەزیران تا بەهەر شێوەیەک بێت مافی ئەرمەنییەکان دابین بکات.

کۆنگرەی بەرلین لە (١٣)ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٨ بەستراو دەلەگاسیۆنی ئەرمەنیەکانیش تێیدا بەشداربوون. ئەوان لەوێ هەندێ داوایان خستە بەردەم کۆنگرەکە. دوای یەک مانگ لە بەستنی کۆنگرە، سەرئەنجام لە (١٣)ی تەمووزی ئەو ساڵەدا پەیمانی بەرلین ئیمزاکرا کە برگەی (١٦)ی پەیمانی سان ئێستیڤانۆ بوو بەبرگەی (٦١)ی پەیمانی بەرلین. کە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

«بابی عالی بەڵێن دەدات دەستبەجێ ئەو چاکسازی و ریفۆرمە ئیدارییانەی کە پێویستی ناوچە ئەرمەنیەکانن ئەنجام بدات و ژیان و ئاسایشیان لە بەرامبەر هێرش و پەلاماری چەرکەس و کوردەکان بپارێزێت. بابی عالی بەڵێن دەدات هەرچەند مانگ جارێک لەو بارەیەوە راپۆرت بدا بە وڵاتانی چاودێر».

ئەمە یەکەم بەڵگەنامەی نێودەوڵەتییەکە لە پێناو پاراستنی بوونی ئەرمەنیەکان لە تورکیادا لەلایەن وڵاتانی زلهێزی وەکو رووسیا و بەریتانیاو عوسمانی... هتد، ئیمزا دەکرێت. ئەم پەیماننامە نێودەوڵەتییەی کە تێیدا مافی ئەرمەنەکانی وەکو میللەتێک لە تورکیا دەناساند، بووە هۆی ئەوەی یەکەم چەخماخەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە

ناوچەکەداو لەسەردەستی شێخ عوبەیدللای نەهری لێ بدرێت. ئەگەرچی زۆربەی هەرەزۆری مێژوونووسان لەو باوەڕەدانە کە جوولانەوەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهری لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەو سەردەمەدا شتێکی خەیاڵی بووە، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە کاردانەوەی شێخ عوبەیدوللای نەهری جا بەهەر هۆیەک بێت، لە بەرامبەر مەسەلەی پاراستن و بەڕەسمیەت ناسینی مافی ئەرمەنیەکان سەرەتایەکی پتەوی بۆناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمای نەتەوە دروست کرد.

شێخ بەبیستنی ئەوەی کە ئەرمەنیەکان مافی خودموختارییان دەبێ بەم شێوەیە پرسیار لە کاربەدەستێکی تورک دەکات و دەڵێ: «ئەوە چییە دەبیستم؟ ئەرێ راستە دەڵێن ئەرمەنیەکان لە(وان)، دەوڵەتی سەربەخۆیان دەبێ و ئالای بەریتانیا لەسەر ماڵەکانی خۆیان هەڵ دەکەن و بەهاوولاتیی بەرتیانیا دێنە ناساندن؟»[٢٨] لێرەدا ترسێک کە ناتوانرێ دیاری بکرێ کە ئەم ترسە عوسمانیەکان بەئانقەست لە دڵی شێخدا دروستی دەکەن یان لەناخی شێخ خۆیەوە سەرهەڵدەدات، وادەکات شێخ پێ لەسەر ئەوەدا بگرێت کە «کورد»یش نەتەوەیەکی جوداوازن و دەیانەوێ بەسەربەخۆیی بژیین.

دوو تێڕوانینی جودا هەنە کە هەریەک لەوانە ئەوەندە دێنێ کە مرۆڤ هەڵوێستەیان لەسەر بکات. یەکێ لەوانە تێڕوانینی مێژوونووسانی هاوچەرخە کە شۆڕشی شێخ عوبەیدوللای نەهری بەشۆڕشێکی کوردیی دەستکردنی عوسمانییەکان لە قەڵەم دەدەن کە دەیویست دوژمنایەتی و ناکۆکی بخاتە نێوان کوردو ئەرمەنیەکان. ڕەوتی ڕووداوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە عوسمانی لەم هەنگاوەیاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە ڕێگایان نەدا کە یەکێتییەکی نەتەوەیی لەنێو ئیمپراتۆرییەتدا لە دژی دەستەلاتی عوسمانی بێتەئاراوە.

سوارە نیزامی حەمیدیە یەکێک لە گەورەترین ئەو هەنگاوانەبوو کە لەم پێناوەدا هاویژرا بەشێوەیەک کە کورد لەبری دانی باج و خەراج بە عوسمانی کران بەسەرباز، وەک باکستن نووسیوویەتی: «تورکەکان لەو باوەڕەدابوون کە ئەگەر کوردەکان لەڕووی باج و خەراجدانەوە

تەنانەت وەک سەربازێکی عوسمانیش سوودیان لێ وەرنەگیردرێت، لانی کەم دەکرێ بۆ داگیرکردنی ولاتی بێگانە کە مەبەست ئەرمەنستانە سوودیان لێ وەربگیردرێت.»[٢٩]

ئەم هەنگاوەی عوسمانی لە ١٨٩١ دوو سودی گرنگی هەبوو، یەکیان ئەوەبوو کە کوردەکان دەخرانەوە ژێر رکێفی عوسمانی و دووەم بەپەلاماردانی ئەرمەنیەکان ئەوانیان لەنێوبردن، هەمیش ئۆبالی ئەو تاوانەیان دەخستە ئەستۆی کوردەوە کە بەراستیش لەمەیاندا سەرکەوتوو بوونە، چونکە زۆربەی مێژوونووسان سەرچیخ چوونە و پێیان وا بووە کە دژایەتی کردنی ئەرمەنیەکان لەلایەن کورەووە لە ئەنجامی جیاوازیی کۆمەڵگەیی و ئاستی ژیانەوە بووە نەک سیاسەتێکی دارێژراوی عوسمانی بۆ سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەیی.

ئینجا سەرەڕای ئەمە عوسمانی بۆ لە باربردنی مەسەلەی نەتەوەیی یەکدەستی کۆمەڵگا نەتەوەییەکانی نێوخۆی ولاتی لەباردەبرد. بەشێوەیەک کە کوردی لە دیاربەکرەوە هەڵدەقاندن و رەوانەی وان و ئەرزرۆمی دەکردن و، تورکی لە شوێنی دیکەوە دەهێنانە دیاربەکر. «ژمارەی ئەو کوردانەی کە لەسالانی نێوان ١٨٧٧تا ١٩١٤ لە ناوچەکانی موش، وان و ئەزرەرۆم و نیشتەجێ کران، دەگەیشتە (١٠٠) هەزار کەس»[٣٠] ئەم هەوڵە لە پێناو ئەوەدا بوو کە کۆمەڵگای یەکدەستی نەتەوەیی لەنێو عوسمانیدا نەمێنێ تا سنوری جوگرافیای نەتەوەییان هەبێ لە نێو بچێ.

هەربۆیەشە دەبینین رووبوونەوەیەکی توندی نەژادی لە نێوان کورد. ئەرمەنی، چەرکەس، لاز .... هتد لە ئەنادۆل روو دەدات کە لەوەیاندا تەنها عوسمانی قازانج دەکەن.

**(٧)**

## کوشتاری ئەرمەنیەکان و رۆڵی کورد

وەک باس کرا، راگواستن لەسەردەمی عەبدولحەمیدا بوو بە شێوازێکی کاریگەر بۆ لەناوبردنی سنورە نەتەوەییەکان.

مێژوونووسانی ئەرمەنی و لەسەرووی هەموویانەوە هێراندپاسدر ماجیان لەو باوەڕەدانە کە خاڵی ستارتی کوشت و کوشتاری ئەرمەنیەکان و پرۆسەی راگواستنیان لە ساڵی ١٨٩٤ وە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو دەست پێ دەکات.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە سیاسەتی بەگژیەکداکردنی نەتەوەکانی عوسمانی، هەنگاوێکی باش بوو بۆ ئەوەی ئەو نەتەوانە خەیاڵی سەربەخۆییان نەبێ بۆیە کورد لە چوارچێوەی سوپای حەمیدیەدا چەکدارکران.

ئەمە زۆر سادەیە کە بۆ کورد چەکدارکران؟، چونکە فاکتەری هاوئایینی و تەنانەت هاومەزهەبی کورد لەگەڵ عوسمانیەکان و غەیرەدینبوونی ئەرمەنیەکان وایکرد کە کورد باشترو فراوانتر لەگەڵ بزووتنەوەی دژە ئەرمەنی تێکەڵ بن و کاری تێدا بکەن. هەروەها ناتەواوی و بەجێماویی کۆمەڵگای کوردی لەڕووی ئەوەی کە کورد هێشتا لە قۆناغی ئاژەڵداری و کۆچەریدا دەژیا، دەرفەتی ئەوەی دەدا بەعوسمانیەکان کە چەک و ئەسپ وەک باشترین خەلات بدەن بەکورد.

ئینجا مەسەلەی پشتگیری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەپێی پەیمانی ئێستێفانۆ و کۆنگرەی بەرلین مەسەلەی نەتەوەی ئەرمەنیی نێو تورکیا ببووە مایەی ئازاری سوڵتان و، ئەرمەنیەکان لەگەڵ بولغارییەکان لەزومرەی دوژمنە پلە یەکەکانی خەلافەت و دەزگای ئیدارەی عوسمانی لە قەڵەم دەدران.

کورد لەو سەردەمەدا بەحوکمی کۆچەری بوونی، بژێوی خۆیان بەلولەی تفەنگ و لەسەر

پشــتی ئەسپ بەدەست دەهێنا. بۆیە کـە کـورد دەچوونە نێـو فـەوجـەکـانی حـەمـیـدییـەوە دەسەڵاتێکی ڕەهایان پەیدادەکرد.

ئەم دەســەڵاتە ڕەهایە یارمــەتی ئەوەی دابوو کـە بەکـەیفی خـۆیان بجـوڵێنەوە و هیچ کەسیش لێ پێچانەوەیان لەگەڵدا نەکات، بۆیە بەردەوام بۆ دابینکردنی ئازووقەی خۆیان بەپەلامـاردانی کۆمەڵگا یەکجێنشـینیەکانەوە خەریک بوون. «ئەرمەنیەکـان لە ناوچەی ساسۆن لە پەلامارو تالان و بڕۆی ئەو کوردانەی کە لەسەردەمی پێکهێنانی فەوجەکانی حەمیـدییـە سەراپا چەکداربوون، ئازاریان دەچێشت. ئەرمـەنیـەکـان سـەرەڕای ئەو باج و خەراجەی کە دەبوایە بیدەنە حکومەت، ناچاربوون باج و سەرانەیەکی نایاسـاییش بدەن بەسەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی دەوروبەریان». [٣١]

لە سـاڵی ١٨٩٣، ئەرمەنیـەکانی ساسۆن ڕازی نەبوون ئەو باج و سەرانەیە بدەن بەو سـەرۆک عـەشـیـرەتە کوردانەی کە بەشێک بوون لە سوپای حـەمـیـدییـە. بۆیە کـوردەکـان پەلاماری ئەرمـەنیـیەکانیان داو بە مەبەسـتی داگیـرکردنی شارەکە هێزیان بۆ کۆکردنەوە پەلاماری کـوردەکان بۆ سەر ئەرمەنیـەکان تووشی شکست هات، چونکە ئەرمـەنیـەکان لە بەرامبەر ئەم زۆرداریـیە بەژن و منداڵەوە داکۆکیـان لە خۆیان دەکرد. بۆیە کوردەکان داوای هێزی یاریدەدەریان کردو هێزێکی گەورە بەسەرکردایەتی زەکی پاشا بەهانای کوردانەوە هاتن و ناوچەی ساسۆنیان داگیرکردو لە ئابی ساڵی ١٨٩٤ دەستیان بەکوشتاری خەڵکی شـارەکە کـرد و ئەمـە سەرەتای ئەو کوشـتـارە فراوانانەبوو کـە تا سـاڵی ١٩٢٢ درێژەیان کێشا. لە ساسۆن کە ژمارەی ئەرمەنیەکانی دەگەیشتە (١٢) هەزار کەس (٣٥٠٠) کەس کوژران[٣٢] عـوسـمـانیـەکان لە کۆمـیـسـیـۆنی لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەم ڕووداوە کە بەهۆی پێداگرتنی بەریتـانیا پێک هێنرا. بیـانوویان ئەوەبوو کە ئەرمەنیـەکان ئاژاوەیان گێڕاوە و سوپای حکومەتیش چووە بۆ ناوبژی کردنی کوردو ئەرمەنیەکان!

سوڵتان عەبدوحەمید کە ببوو بە بوکەڵەیەک بەدەست هێزە گەورەکانی ئەوسای دنیاوە، تەنها بیری لە مـانەوەی خۆی لەسـەر دەسـتـەڵات دەکردەوەو ئامادەبوو لەو پێناوەدا هەمـوو کارێک بکات.

سوڵتان هەر جارە رووی لەلایەک دەکرد جارێک بەرەو رووسەکان دەسوڕاو جارێکیش دەستی بۆ ئینگلیزەکان درێژ دەکرد. لەم بەینەشدا تورکیا ببوو بە گۆڕەپانێک بۆ ساغکردنەوەی ململانێی زلهێزەکان کە هەر کامیان دەیویست رێگربێت لەبەردەم ئەوەی دیکەیان تا دەست بەسەر ئیمپراتۆری عوسمانیدا بگرێت. کاتێ نفوزی روسیا بەسەر عوسمانیدا زیادی کردبایە، بەریتانیاو فەرەنسا بەرێگاوە دەهاتنە نێو مەسەلەکەوە، تەنانەت لەکاتی شەڕی نێوان عوسمانی و رووسیا، بەریتانیاو فەرەنسا دەیانزانی کە رووسیا بەداگیرکردنی عوسمانی جێ بەوان لەق دەکات، بۆیە دەستیان کرد بەناوبژی کردن ئەوەش نە لەبەر خاتری چاوی کاڵی عەبدولحەمید، بگرە بۆ کەمکردنەوەی نفوزی رووسەکان بوو. بۆیە بەریتانیا بەرەسمی پشتگیری لەئەرمەنەکان دەکرد، بەڵام لەبەرامبەردا رووسیا کە پێشتر خەمخۆری ئەرمەنیەکانی بوو، لە رێگەی وەزیری دەرەوەی خۆی لەو سەردەمەدا (لێبانۆف) دژایەتی ئەرمەنیەکانی دەکردو تەنانەت سوڵتانی هان دەدا بەهیچ شێوەیەک تەسلیمی ئیرادەی ئەو وڵاتانە نەبێت.

سوور بوونی وڵاتانی وەک بەریتانیاو فەرەنسا لەسەر مافەکانی ئەرمەنی پێداگرتنی و هێزە رۆشنبیرو سیاسیەکانی کۆمەڵگای ئەرمەنی لەسەر جێبەجێکردنی برگەی (٦١)ی پەیماننامەی بەرلین، وایکرد سوڵتان بیر لە بنبڕکردنی ئەرمەنیەکان بکاتەوە.

ساڵێک دوای کوشتارەکەی ساسۆن، بەریتانیاو فەرەنسا داوایان لە عوسمانی کردبوو کەوا چاکسازیی بەڵێندراو لە برگەی (٦١)ی پەیماننامەی بەرلین جێبەجێ بکات و لە مانگی سێپتەمبەری ١٨٩٥دا پارتی هیچناکی ئەرمەنی خۆپێشاندانیان لە قوستەنتەنیە سازدا. بۆیە سوڵتان زۆر بەپەلە بڕیاریدا دەست بەکوشتنی ئەرمەنیەکان بکات و لەرێگەی جاسوسەکانی لە نێو کۆمەڵدا وای بڵاوکردەوە کە ئەرمەنە غەیرە دینەکان دەیانەوێ ئایینی ئیسلام لە ناوبەرن. بۆیە پێویستە هەموو کەسێک دژ بەم غەیرە دنیانە ئەرکی ئایینی خۆی جێبەجێ بکات.

نائارامی لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات و ئەو شەڕو کوشتارەی کە بەفەرماندەیی زەکی پاشای ژن برای، سوڵتان عەبدولحەمید لەناوچەکە لە ئارادابوو، سودێکی زۆری بۆ

خەلافەت و درێژەکێشانی سەڵتەنەتی عەبدولحەمید هەبوو. ئەو دەیویست بەهەر شێوەیەک بێت، کوردەکان کۆنترۆڵ بکات و ڕەگوریشەی ئەرمەنیەکان هەڵقەنێ.

سوڵتان دەستی حەمیدییەی ئاوەڵاکردبوو، تەنانەت هەر لێپرسینەوەشیان نەبوو؛ زەکی پاشا حاکمی ڕەها بوو و عەبدولحەمید متمانەیەکی سەیری بەو زەکی پاشایە هەبوو. بەشێوەیەک کە قەت گومانی ئەوەی لێ نەکرد ئەم پیاوە نیازی پیلانگێری لە دژی ئەوی هەبێ.

پروپاگەندەی ئەوەی کە زەکی پاشا دەیەوێ ئەمیری کوردستانی سەربەخۆ بێت و لەخەلافەت جیابێتەوەش، نەبووە هۆی ئەوەی سوڵتان گومانی لێ بکات، چونکە تا ساڵی ١٩٠٨ هەر لە پلەی خۆیدا مایەوە.

بەهەرحاڵ، کوشتاری ئەرمەنیەکان لە ساسۆن کۆتایی پێ نەهات، دواتر لەترابزۆن، ئەرزرۆم، بتلیس، دیاربەکرد، خارپوت، ئەرزینجان و... هتد، بەسەدان ئەرمەنی کوژران. ڕووداوی کوشتنی ئەو سەدان ئەرمەنیەی کە لەسەری ساڵی ١٨٩٥ لە ئورفا لە کەلیسایەکدا بەزیندوویی لەلایەن خەڵکی ناوچەکەو چەکدارانی حکومەت سوتێندران لە تێکڕای کتێب و سەرچاوە مێژووییەکاندا تۆمارکراوە.

مێژوونووسانی ئەرمەنی کوشتاری ساڵانی نێوان ١٨٩٤ تا ١٨٩٦ بە ١٥٠,٠٠٠ کەس بەراورد دەکەن، کە ژمارەیەک لەوانە لەسەرمان و لە برسان گیانیان لە دەستدا. هەر ئەم مێژوونووسانە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییەی کە لەسەر ئەرمەنیەکان هەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنیەکان بۆ پاراستنی ژیانیان ڕێگای ڕووسیا و وڵاتانی باڵکان وئەمەریکایان گرتەبەر. هەروەها نزیکەی (٤٠) هەزار کەسیش (شادەیان) پێ هێندراو کرانە موسڵمان.پاسدرماجیان -ی مێژوونووسی ئەرمەنی لەو باوەڕەدایە کەوا لە ماوەی ئەو سێ ساڵە لە ئەنجامی کوشتن، کۆرەو و لە دین وەرگەڕاندن، (٤٠٠) هەزار کەس لە کۆمەڵگەی ئەرمەنیی ڕۆژهەڵاتیی تورکیا کەم بۆتەوە.

ئەم پرۆسەی لەنێوبرانی ئەرمەنیەکان بەبەردەوام لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێزەوە دەبووە مایەی ناڕەزایی و حکومەتی عوسمانی دەکەوتە ژێر گوشارەوە.

عوسمانی کە خۆی بەرپرسی راستەوخۆبوو لەم شەڕو کوشتارانەدا و سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیی ئەرمەنیەکانی گرتبۆبەر، هەوڵی دەدا تاوانی خۆی بخاتە پاڵی کوردەوە.

«حکومەتی عوسمانی هەوڵیدا تا بەرپرسیاریەتیی ئەم کوشتارانە بخاتە ئەستۆی کوردەکانەوە. لەراستیدا کوردەکان جگە لە هاوکاری هیچ رۆڵێکی سەرەکیی دیکەیان لەم بەزمەدا نەبوو: بەرنامەو پلانی ئەم کوشتارانە لەلایەن عوسمانییەوە داندرابوو و لەلایەن تاقم و گروپی چەکدارەوە پیادە دەکرا. کوردەکان تەنها بۆ تالآن و برۆ دەچوونە پاڵیانەوە». [٣٣]

لێکۆڵەرەوەیەکی ئینگلیزی کە لە بارەی ئەم کوشتارانە هەندێ کاری مەیدانیی ئەنجامداوە ئاوا قسەکانی سەرۆک عەشیرەتێکی کورد دەگێڕێتەوە: «تورکەکان رقیان لە ئەرمەنیەکانە، بەڵام ئێمە هیچ رقمان لێیان نابێتەوە. ئەوەی ئێمە دەمانەوێ پارەیە، کەچی تورکەکان دەیانەوێ بیانکوژن و گیانیان دەستێنن». [٣٤]

لەوەوە دەردەکەوێ کە تا چ ئەندازە عوسمانی هەوڵیدایەوە لە رێگەی نەتەوەکانەوەو بەگژیەکدا کردنیان بەئامانجەکانی خۆی بکات. ئەم سیاسەتەی عوسمانی لەسەردەمی تورکە لاوەکانیش هەر درێژەیان هەبوو. کە دواتر ئەویش باسی لێ دەکرێت.

هەرچەندە ئەرمەنییەکان بەرەو رووی کوشتار دەبوونەوە، بەڵام وە نەبێ ئەوانیش دەستیان لەسەر دەست دانابێ و هیچیان نەکردبێ.

ئەرمەنیەکان حزبێکی شۆڕشگێڕ بەناوی داشناک یان هەبوو کە لەزۆر شوێن چالاکی سەربازی و سیاسییان هەبوو، ئەو حزبە کە ژمارەیەک ئەرمەنیی لەخۆ بوردووی تێدا بوون، هەندێ کردەوەی تۆڵەستێنانەیان هەم لە دژی عوسمانی و هەم لە دژی کورد ئەنجامدا. یەکێ لەو کردەوانە کە بەکوژرانی ژمارەیەکی زۆر ئەرمەنی بەکۆتا هات، داگیرکردنی بانکی عوسمانی بوو لە قوستەنتەنیە کە لە ساڵی ١٨٩٦ روویدا تێیدا ژمارەیەک چەکداری ئەرمەنیی حزبی داشناک بۆ ماوەی (١٤) سەعات بانکی عوسمانیان داگیرکردو وەک کردەوەیەکی پروپاگەندەیی، بەکاریان هێنا بۆ گوشار خستنە سەر وڵاتانی ئەورووپی تا هەنگاوێک نێن بۆ بەرەسمی ناساندنی مافەکانی میللەتی ئەرمەنی لەنێو تورکیادا.

بەڵام دوابەدوای ئەم رووداوە، عوسمانیەکان بەدەیان ئەرمەنیـان لە قوستەنتەنیە کوشت و ژمارەیەکی زۆریان دەستگیرکرد.

هەروەها ١٨٩٧ پەلامـاری (خانە سـور)یانداو عـەشیـرەتی (مـەزریگ)ی کـوردیان لە تۆڵەی کوشتارەکەی ساسۆن قەتڵوعام کرد و ماڵ و حاڵیان ئاگر تێبەردان.

هەروەها لە ١٨٩٩ لە (خـاسـدۆر) و لە ١٩٤٠ لە سـاسـۆن هەندێ کـردەوەی تۆڵەسێنەوەیان ئەنجام دا.

**(٨)**

## قەتڵوعام چییە؟

کوشتـاری بـەکۆمـەڵ، قـەتڵـوعـام یان پاکتـاوی رەگـەزی (genocide) واژەیەکی نوێی ئەمـرۆیە بۆ تاوانەکـانی دوێنێ. واتاکەی دەکـاتە لەنێـوبردنی گـروپی نـەتەوەیی، نەژادی و ئاینیی. واژەی genocide یەکێ لە واژەکـانی لاتینە کـە لە genios (گـروپ) cide (کـوشتن) پێکهـاتووە. بەدرێژایی مـێـژوو، بـەبەردەوام مـرۆڤ بەکـوشت و کـوشتـاری یەکدییەوە خەریک بوونەو مێژووی مرۆڤایەتی تەژیی رووداوی لەم چەشنەیەنە، بەڵام تا بەر لە سـەدەی بیسـتەم هەندێ لە رەهەندەکـانی ئەم کـوشتـارەی کە مـرۆڤ لە دژی خـۆی پیادەی دەکرد بەو شێوەیە رەگداکوتاو نەبوون. بەواتایەکی دیکە زەمینەیەکی فیکری ئەوتۆ بۆ کوشتن و برینی کەسانێک نەبوو کە لە چوارچێوەی یەک سنوورو یەک دەوڵەتدا دەژیان. بۆیە سەدەی بیستەم بەتاریکترین سەردەمی مرۆڤایەتی دەژمێردرێت لە روانگەی ئەوەی کە گەورەترین شەڕەکان، یەکترکوژی، قەتڵوعامی تێدا رووداوە.

بەپێی برگەی دووەمی کۆنوانسیۆنی پشتگیری و سزادانی تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ (convention on the Prevention and ponishment of the crine of Geno-

cide) کە لە ساڵی ١٩٤٨ لە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر دراوە، جینۆسایدو کوشتی بەکۆمەڵ بەم شێوەیە پێناسەکراوە.

١- کوشتنی ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی، ئاینی یان نەژادی.

٢- زیان لێدانی جددی لەو گروپە.

٣- هێنانەکایەی بارودۆخێک تا بەئەنقەست ئەم گروپە لەناوبچن یان زیانیان پێ بکەوێ.

٤- هێناکایەی بڕیارو فرمانگەلێک کە ڕێگا لە زاوزێ و زێدەبوونی ئەم گروپانە بگرێت.

٥- گوێزانەوەی بەزۆرە ملێی مندالآنی گروپێک بۆ گروپێکی دیکە.

سەرەرای ئەمانە، ئەو کەسانەی کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن یان بە جۆرێک بەشداری و ئاسانکاری بۆ ئەم پرۆسەی جینۆسایدە دەکەن، بەپێی برگەی چوارەمی هەمان بڕیار بەتاوانبار لە قەڵەم دراون و دەبێ سزا بدرێن. لەمەشیاندا هیچ سەقفێکی زەمەنی دیارینەکراوە کە ئەو تاوانە لە چ ساڵێک ئەنجام دراوە، هەربۆیە کوشتاری ئەرمەنیەکان تا هەتا هەتایە تورکیا لێی بەرپرسیار دەبێ.

دەوڵەتی تورکیا بەدرێژایی مێژوو ویستوویەتی قەتڵوعامی ئەرمەنیەکان بخاتە ئەستۆی ئەم و ئەو بۆ ئەم مەبەستەش هەروەک لە پێشتردا هات، کورد وەکو هۆکارێکی گرنگ لە پێکپرژانی نێوخۆیی لە قەڵەم دەدرا. بەواتایەکی دیکە تورکیا دەیویست کوشتاری بەرنامە بۆ داندراوی ئەرمەنیەکان لە نێوخاکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، وەکو ڕووداوێکی ناوخۆیی و بەرەنگاربوونەوەی دوو نەتەوە لەسەر زەوی و زار، پارە، باج و زۆر شتی لاوەکی دیکە بخاتەڕوو کە ئەو خۆی وەکو دەوڵەت هیچ دەستەڵاتێکی بەسەردا نەشکاوە.

بەڵام بەپێی ئەم خشتەیەی کە ئێستا سەبارەت بەگرنگترین کوشتارەکانی سەدەی بیستەم دەخرێتەڕوو، دەردەکەوێ کە هیچ قەتڵوعامێک لە خۆیەوە ڕوونادات و، پێویستی بەهێزێکی پیادەکاری داڕێژراوو بەهێز هەیە کە ئەوەش تەنیا لە دەستەڵاتی دەوڵەتان و حکومەتەکان دایە واتە لایەنی جێبەجێکاری قەتڵوعامەکە پشتگیری تەواوی دەوڵەتی دەستەبەر کردووە.

خاتو فنهێلن (Feinhelen) لێکۆڵەرەوە لە بواری نەژاد کوژی و جینۆساید، بەم دواییە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی سەبارەت بە جینۆساید لە سەدەی بیستەم ئەنجام داوە، کە تیایدا ئەوەی ئاشکرا کردووە کە تەنها لە (١٠٠) ساڵی ڕابردوودا قوربانیانی جینۆساید لە دنیادا ٣٠ تا ٥٠ ملیۆن مرۆڤن.

گرنگترین جینۆسایدەکانی سەدەی بیستەم بەم شێوەیەن کە لە خشتەکەدا هاتووەو دەردەکەوێت کە لایەنی جێبەجێکار هەمیشە دەوڵەتان بوونە:

| مێژوو (ساڵ) | پیادەکار | نەخشەڕێژان | قوربانیەکان | ژمارەی مەزەندەکراو (ملیۆن کەس) |
|---|---|---|---|---|
| ١٩١٥-٢٣ | تورکیای عوسمانی | تورکە لاوەکان، تەلعەت پاشا | ئەرمەنیەکانی تورکیا | ١,٥ کوژراو<br>٠,٥ دورخراوە |
| ١٩١٨-٢١<br>١٩٣٤-٣٩ | حکومەتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت | کۆمۆنیستەکان و ستالین | ئۆکرانی و نەیارانی ناوخۆیی | ١٣ |
| ١٩٣٩-٤٥ | حکومەتی نازیی ئەڵمانیا | هیتلەر | پۆلۆنیەکان و ڕۆمەکانی یەهودی | ٦ پۆلۆنی<br>٥,٥ یەهودی |
| ١٩٦٦-٦٩ | کۆمۆنیستی چین | مائۆسی تۆنگ | ئانتی کۆمۆنیست نەیارەکان | ٢ |
| ١٩٧٥-٩٥ | کەمبۆدیا | خمێرە سورەکان - پۆل پۆت | هاووڵاتی ئاسایی | ٢ |
| ١٩٦٣-٧٤ | سوپای ئەمریکا | لیندۆک جانسۆن<br>ریچارد نیلسۆن | خەڵکی ڤیەننامی باکور | ١ |
| ١٩٩٤ | هێزە نەیارەکان لە ڕواندا | هۆزی هۆتۆکان (Hutus) | هۆزی توتسی | ٠,٦ کوژراو<br>١,٥ پەنابەر |
| ١٩٩٥ | سوپای یۆگسلاڤیا | میلۆسۆڤیچ | هاووڵاتی بۆسنە | ٠,٠٢ |
| ١٩٨٧-٨٨ | حکومەتی بەعسی عێراق | سەدام حوسێن | کورد | ٠,٢ |
| ١٩٦٥-٦٦<br>١٩٧٢-٩٩ | حکومەت و سوپای ئەندەنوسیا | سوهارتۆ | خەڵکی تیمۆری ڕۆژهەڵات | ٠,٥ لە ئەندەنووسا<br>٠,٣ لە تیموری |
| ١٩٨٦<br>٢٠٠١ | حکومەتی ئایینی تاڵیبان | ئوسامە بن لادن | خەڵکی ئەفغانستان و نەیارەکان | ٠,٠٢ |
| ١٩٨٣<br>٢٠٠١ | سودان بەرەی ئیسلامیی باکور | دەستەڵاتدارانی سیاسی | گروپە نەتەوەیی و ئایینییاکانی باشووری سودان | ٢ کوژراو<br>٤ دورخراو |

مێژوونووسانی ئەرمەنی و سەرچاوە ئەرمەنیەکان تەئکید لەوە دەکەنەوە کە جینۆسایدی نیسانی (٢٤)ی نیسانی ١٩١٥ ئەگەرچی درێژەی رەشەکوژیی ئەرمەنیەکانە لەنێو ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیدا، بەڵام سەرەتای ئەو جینۆسایدەیە کە ئێستا بەشێکی زۆری دنیا دانی پێداناوە. ئەوەی کە جینۆسایدی ساڵی ١٩١٥ لە کوشتارەکانی پێشووی ئەرمەنیەکان جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩١٥دا بەپێی بەرنامەیەکی وردو بەرفراوان و لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیایەکی رەگەزپەرستانە دەست کرا بە کوشتن و لەنێوبردنی ئەرمەنیەکان.

ئەرمەنیەکان لە ساڵی ١٩٠٨ دا کاتێ تورکە لاوەکان رژێمی سوڵتان عەبدولحەمیدیان رووخاند، شان بەشانی ئەوان لەبەرەی جەنگدا بوون. تەنانەت لە کودەتاکەی ساڵی ١٩٠٩ی سوڵتان عەبدولحەمیدیشدا رۆڵێکی کاریگەریان بینی لە بەرپەرچدانەوەی پەلاماری لایەنگرانی تەخت و تاجی سوڵتان و رێگەیان نەدا جارێکی دیکە سوڵتان بێتەوە سەرکار.

ئەم هاوکاری و هاریکارییە نزیکەی نێوان ئەرمەنیەکان و تورکە لاوەکان کە خۆیان بەهێزێکی پێشکەوتنخوازی سەر گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکە دەزانی، دەبوایە شتێ زۆر ئیجابی بۆ ئەرمەنیەکان لێ بکەوێتە کەچی رێک پێچەوانەی ئەمە دەرچوو.

بیری پان تورکیزم (pan - Turkism)ی سەرانی تورکە لاوەکان ئاسۆی سیاسی و تێڕوانینانی بۆ داهاتووی تورکیا وا بەرتەسک کردەوە کە بیریان لە لەناوبردنی هەموو ئەوانە کردەوە کە بەجۆرێک بۆنی تورک نەبوونیان لێ دێت. پێناسەیەکی کورتی ئەم ئایدۆلۆژیایە یاریدەدەرە بۆ تێگەیشتن لە رووداوەکانی دواتر.

پرۆفیسۆر (ل. خورشیدیان)ی زانای ئەرمەنی بیری (pan-Turkism) بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە دەکات: «پان تورکیزم، ئایدۆلۆژیای نیشتمانیی نەتەوەکانی تورکە، کە بەر لە دەست پێکردنی شەڕی جیهانیی یەکەم وەک ئایدۆلۆژیای رەسمی حکومەتی تورکیا راگەیاندراوە. مەبەست لەم ئایدۆلۆژیایەش کۆکردنەوەی تەواوی تورکەکانی دنیابوو لەژێر ئاڵای یەک حکومەتدا. بەپێی ئایدۆلۆژیای پان تورکیزم دەبوایە ئەم ئامانجە بەسێ قۆناغدا بێتە دی:

١- تورکیزم: ئایدۆلۆژیای پان تورکیزم تەنها لە رێگای دروستبوونی تورکیایەکی نەتەوەیی دێتەدی. بۆ ئەوەی تورکیا بتوانێ ئەو رۆڵە ببینێ، دەبێ ساختارو پێکهاتەی نەتەوەی خۆی لە غەیرە تورک پاک بکاتەوە و بیکات بەتورک. نەتەوەکانی دیکە یان دەبێ ببنە

تورک یانیش دەبێ لەنێو بچن.

٢- ئۆغوزییەت: ئامانجی ئەوەیە کە دەوڵەتێکی ئۆغۆزی دابمەزرێنێت. یەکێتی و یەکگرتنی، تورکمانەکان، تورکیا، ئازەربایجان، تورکمانستان و ئازەربایجانی ئێران دەبێ ببێتە هۆی دامەزراندنی ئۆغۆزستان لە دوارۆژدا.

٣- تۆرانیزم: دامەزراندنی دەڵەتێکی یەکگرتووی تۆرانی کە تەواوی تۆرانی رەگەزەکانی دنیا لەخۆیەوە بگرێت».

پان تورکیزم لەسەردەمی عەبدولحەمیدەوە دەستی پێکردبوو، بەڵام عەبدولحەمید ئەو دەرفەتەی لەبەردەمدا نەبوو، بۆیە نەیتوانی لەو بوارەدا بچێتە پێش و ئەم ئایدۆلۆژیا نەتەوەییە فاشیستیە بۆ تورکە لاوەکان بەجێ ماو، کوشتار و کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان بۆ لەنێوبردنی ئەرمەنیەکانی ناو تورکیا و گەیشتن بە ئارەزووەکانیان، تەنها ئامانجی تورکە لاوەکان بوو.

ئەم سەرچاوە فیکرییەی سەرەوە دەردەخات کە هەموو ئەو تورکانەی کە تەنانەت لە دەرەوەی دەستەڵاتی عوسمانی و دژی عوسمانیش دەجەنگان، نەیاندەتوانی تەحەمولی ئەوە بکەن کە خەڵکی غەیرە تورک لەناو وڵاتەکەیاندا بژییەت. هەندێ ئاماری ژمارەی هەن کە قەبارەی ئەم کوشت و کوشتارە دەخەنەڕوو.

پاسدر ماجیان لە (تاریخ ارمنستان)دا ژمارەی ئەرمەنیەکان لە ساڵی ١٩١٤و بەر لەوەی کە قەتڵوعامی تورکە لاوەکان دەست پێ بکات بەم شێوەیە دەخاتەڕوو کە، لەو کاتەدا نزیکەی (٤,١٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن و سەد هەزار ئەرمەنی، لە ئیمپراتۆرییەتی رووسیا یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار لە ئێرانیش سەد هەزارو دووسەد هەزاریش بە شێوەی پەڕاگەندە لە گۆشەو کەناری دنیا دەژیان. لە کوشتارەکانی ساڵی ١٩١٥ تا ساڵی ١٩١٨ نزیکەی یەک ملیۆن و هەشت سەد هەزار کەس لە کۆی ئەو دوو ملیۆن و سەد هەزار ئەرمەنیەی کە لە تورکیا دەژیان لە ئەنجامی کۆچ پێکردندا گیانیان لە دەستدا.

نیکۆلاس ئادۆنتس لە بارەی پێکهاتەی دانیشتوانی ویلایەتە رۆژهەڵاتەکانی تورکیا لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی ئەنجام داوە کە لە کۆبەرهەمێکدا لە چاپ دراون و لە ١٩٩٦ کراوەتە فارسی. لەوێدا نووسەر بەشێوەیەکی رێژەیی ژمارەی هەریەک لە نەتەوەکانی لە هەریەک لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٢دا خستۆتەڕوو. ئامارەکە رێژەی نەتەوە جیاجیاکانە بەحیسابی (هەزار).

| ریز | نەتەوەکان | ئەرزەرۆم | وان ١ | بەتلیس ٢ | خاربوت ٣ | دیاربەکر ٤ | سیواس ٥ | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی(٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەرمەنی | ٢١٥ | ١٨٥ | ١٨٠ | ١٦٨ | ١٠٥ | ١٦٥ | ١٠١٨ | ٪٣٨,٩ |
| ٢ | تورک | ٢٤٠ | ٤٧ | ٤٠ | ١٠٢ | ٤٥ | ١٩٢ | ٦٦٦ | ٪٢٥,٤ |
| ٣ | کورد (دانیشتوو) | ٣٥ | ٣٢ | ٣٥ | ٧٥ | ٣٠ | ٣٥ | ٢٤٢ | ٪٩,٢ |
| ٤ | کورد (کۆچەر) | ٤٠ | ٤٠ | ٤٢ | ٢٠ | ٢٥ | ١٥ | ١٨٢ | ٪٧,١ |
| ٥ | قزڵباش | ٢٥ | – | ٨ | ٨٠ | ٢٧ | – | ١٤٠ | ٪٥,٣ |
| ٦ | ئاسوری | – | ١٨ | ١٥ | ٥ | ٦٠ | ٢٥ | ١٢٣ | ٪٤,٧ |
| ٧ | زازا | ٣٠ | – | ٤٧ | – | – | – | ٧٧ | ٪٢,٩ |
| ٨ | چەرکەس | ٧ | – | ١٠ | – | – | ٤٥ | ٦٢ | ٪٢,٤ |
| ٩ | یۆنانی و مەسیحی دیکە | ١٢ | – | – | – | – | ٣٠ | ٤٢ | ٪١,٦ |
| ١٠ | ئێزیدی | ٣ | ٢٥ | ٥ | – | ٤ | – | ٣٧ | ٪١,٤ |
| ١١ | فارس | ١٣ | – | – | – | – | – | ١٣ | ٪٠,٥ |
| ١٢ | لاز | ١٠ | – | – | – | – | – | ١٠ | ٪٠,٤ |
| ١٣ | دۆم | – | ٣ | – | – | – | – | ٣ | ٪٠,١ |
| | | ٦٣٠ | ٣٥٠ | ٣٨٢ | ٤٥٠ | ٢٩٦ | ٥٠٧ | ٢٦١٥ | ١٠٠,٠ |

**١- جگە لە بەشی هەککاری. ٢- جگە لە بەشەکانی باشور. ٣- جگە لە مەڵاتیاو بەشەکانی باشوور. ٤- جگە لە بەشی بیێشرک. ٥- جگە لە بەشەکانی باکوری رۆژهەڵات.**

هەرچەندە ئەمە ئامارێکی ورد نییە لەوبارەیەوە، بەڵام دەلالەت لە فرە نەتەوەیی و مۆزاییکێکی جوانی ئەتنی دەکات لەناوچەکەدا، کە بۆتە قوربانیی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی عوسمانی و دواتر تورکە لاوەکان.

**(٩)**

## کوشتارەکە چۆن کرا؟

هەروەک پێشتری باس کرا، کوشتارو جینۆسایدی ئەرمەنیەکان کاتێ دەکەوێتە قۆناغێکی جیدییەوە کە فکرێکی رەگەزپەرستانەی وەک پان تورکیزم دەبێ بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی، هەروەها کوشتن و برین و پاکتاوی نەژادی دەبێ بەئامانجی گروپێکی سەردەستەی نەتەوەیی و ئەو گروپە لە هیچ هەوڵێک بۆ لەناوبردنی ئەو گروپە ئەتنییە بچووکەی کە لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا دەژین، سڵ ناکاتەوە.

بۆیە تێڕامان و وردبوونەوە لەو رووداوە مێژووییە ئەگەرچی هەڵدانەوەی پەڕەیەکی رەشە لە مێژووی مرۆڤایەتی، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبینین ئەم کوشتارە سەرەتایەکی گرنگە بۆچوونە نێو باسی جینۆساید، کە دواتر پانتاییەکی زۆری لە مێژووی سەدەی بیستەم داگیرکرد.

لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئەم جینۆسایدە زۆر بێ ماناو لاوەکیە کاتێ کە دەبینین ئایدۆلۆژیایەک پشت سڕینەوەی رەگەزەکانەوەیە، بەپێی فکری پان تۆرانیزم دەبوایە تورکیا لە رەگەزی غەیرە تورک پاک بکرێتەوە نەژادی تورک تاکە نەژادی نێو چوارچێوەی سنورەکانی تورکیابێ بۆیە (تەلعەت و جەمال و ئەنوەر) و سێ کوچکەی بەڕێوەبەری حکومەتی تورکە لاوەکان بەبیانوو و بێ بیانوو دەستیان کرد، یان بەشێوەیەکی راستتر درێژەیان بەو پاکتاوەدا کە لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید دەستی پێکردبوو. ئەگەرچی ئەرمەنیەکان رۆڵێکی گرنگیان لە ئیدارەو دیوانی سوڵتانەکانی عوسمانیدا هەبوو، بەڵام زێدەبوونی زوڵم و زۆرداریی سوڵتانەکانی عوسمانی لەو ساڵانەیدا کە ئیمپراتۆرییەت کەوتبۆ سەراولێژیی. لەنێوچوون، وایکردبوو کە تێکڕای چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵی

عوسمانی لەو سیستەمە بەدەنگ بێن و تەنانەت تورکەکانیش خۆیان دژی عوسمانی بوون.

ئەم رەفتارەی عوسمانی و لاوازیی لەڕووی نێودەوڵەتییەوە، وایکردبوو کە زلهێزەکانی ئەوسای دنیا لە فەرەنسا، بەریتانیا، رووسیاو ئەڵمانیا چاو ببڕنە خاک و پێگەی جیۆستراتیژیی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆر ئاسایی بوو بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان کارتی ئەرمەنی بەکاربێنن کە بەردەوام لەلایەن دەزگای ئیداریی وڵاتەوە بەبیانووی ئەوەی کە غەیرە دین بوون، غەدریان لێ دەکرا. ئەم هەڵبەزو دابەزانە بەشێوەیەکی گشتی لەلاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەیان پێکرا، بۆیە هەرزوو (ئەرمەنیەکان) وەک پاژنەی ئاشیلی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیان لێ هات و بوون بەمەترسیدارترین کەسانێک کە دەکرا زلهێزەکان لە رێگەی ئەوانەوە بگەنە ناو قوڵایی خاکی تورکیا.

عوسمانیەکان لە ساڵی ١٨٧٦، لە (باتاک) بەسەدان لە خەڵکی بولغارستانیان سەربڕی بوو و پێیانوابوو کە دەتوانن لەنێوخۆی تورکیاش بەهەمان رێچکە دابچنەوە.

یەکەم کوشتاری بەرنامە بۆ دارێژراو لە ئەدەنە و لە نیسانی ساڵی ١٩٠٩ رووی دا، کە تەنها چەند مانگێک بەسەر سەرکەوتنی تورکە لاوەکان و گرتنە دەستی دەستەڵاتی تورکیایان تێدەپەڕی.

ئەگەرچی ٢٤ی ئەپریلی ١٩١٥ کراوە بەرۆژی جینۆسایدی ئەرمەنیەکان و چەندین وڵات دانیان بەوە داناوە کە تورکەکان لەو رۆژەدا و لە ساڵانی نێوان ١٩١٥ تا ١٩٢٣ پتر لە ملیۆن و نیوێک مرۆڤی بێ تاوانی ئەرمەنیان کوشتووەو بەرێگای جۆراوجۆر لەنێوبردووە، بەڵام هەروەک د. کەمال مەزهەر دەڵێ: «لە ساڵی ١٩٠٩ لە ئەدەنە (٣٠) هەزار ئەرمەنی کوژران»[٣٥] حکومەتی تورکە لاوەکانیش وەکو عوسمانیەکان مامەڵەیان لەگەڵ رووداوەکاندا دەکردو قەت تاوانبارێک یان هۆکارێکی واقعیانەیان بۆ ئەم کردەوانە نەدەخستەڕوو، بگرە بەردەوام بەدوای چەواشەکردنی رای گشتی و وڵاتانی زلهێزەوە بوون

و بۆ پەردەپۆش کـردنی تاوانەکـانیـان بەدوای بیـانووی بێ مـانادا دەگـەڕان. بۆ نموونە هەروەک دکـتـۆر کـەمـال مـەزهەر دەڵێ: «کـاربەدەسـتـان بەناوی سـزادانی تـاوانبـارانی کوشتـارەکەوە و گوایە بۆ ئەوەی «عەدالەت»ی دروشمیـان کوێر نەبێتـەوە کەوتنە گرتن و پرسینەوە کە ئەنجامەکەی بەو جۆرە بوو: لە شاری ئەدەنە (١٥) کەس کران بەسێدارەدا، بەڵام شەشیان ئەرمەنی بوون، نۆکەسی تر درانە دادگا، بەڵام تەنها یەکێکیان موسڵمان و ئەو هەشتەکەی تریان ئەرمەنی بوون (!!) لەوەش سەیرتر موسڵمانەکە تەنها شەش مانگ حوکم درا و ئەرمـەنیـەکـانیش یەکی لە پێنج سـاڵ بۆ دە سـاڵ. دوای ئەوە **٣٦٢** کـەسی تر گیران کە دوو سەدو سیازدە کەسیان گاوربوون.»(٣٦)

وەک سـەرچاوە مـێـژووییـەکان باس دەکەن ئەرمـەنیـەکـان بەفـەرمـانی تورکـە لاوەکـان بەکۆچاندن مـەحکوم کران. ئەوەش لە سۆنگەی شکسـتی سوپای تورکیا بوو لە بەرامبـەر سـوپای رووسـیـادا لە جـەنگی جیـهـانیی یەکـەمـدا. بۆ سـەرانی تورکـە لاوەکـان لە دەسـتنیـشـانکردنی هۆکـاری شکسـتـیـان لە بەرامبـەر رووسەکـاندا پەنجـەی تاوانیـان بۆ ئەرمـەنیـەکـان درێژکـرد؟، چونکە وەک پاسـدر مـاجیـان لە (تاریخ ارمنسـتـان) دا دەڵێ: (١٨٠) هەزار ئەرمەنی لەژێر ئاڵای رووسیادا بەشدارییان لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا کـرد کە بەشی زۆریان کـەوتنە بەرەی قـەفـقـازەوە. ئەم کردارەی ئەرمەنیـەکـان وایکرد کـە تورکەکان قین و نەفرەتی خۆیان بە ئەرمەنیـەکـانی نێوخۆی تورکیا برێژن و لە سنورەکـان دووریان بخـەنەوە. بەپێی بڕیارێک سـەرکـردایەتی تورکـە لاوەکـان بڕیاری لەنێـوبردنی ئەرمەنیەکانیان بەهەموو شێوەیەک دا.

پاسـدر مـاجیـان لە کـتـێـبی (تاریخ ئەرمـەنسـتـان)دا بروسکەیەکی وەزیری ناوخـۆ (تەلعەت)ی وەک بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری مێژوویی تۆمارکردووە کە بۆ پارێزگـاری حەلەب -ی لێداوە لە ساڵی ١٩١٥

«پارێزگاری حەلەب»

«پێشتر پێتان راگەیەندراوە کە دەوڵەت بڕیاری داوە کە ڕەگوریشەی ئەرمەنیەکانی دانیشووی تورکیا هەڵکێشێ. هەرکەسێ کە دژی ئەم بڕیارە بوەستێ ناتوانێ ئەندامی دەوڵەت بێت. گوێ بەژن و منداڵ و پەککەوتە مەدەن، گوێ بەوە مەدەن بەچ رێگایەک دەیان کوژن و گوێ لە ویژدانتان مەگرن، بەهەموو شێوەیەک رەگەزی ئەرمەنی لە تورکیادا مەهێڵن».

١٥ ئەیلوی ١٩١٥

«وەزیری ناوخۆ تەلعەت»

ئەمە نموونەیەکە لەو تێڕوانینە نەژادی و تۆڵەستێنانەیە کە دواتر بوو بەبنەمایەک بۆ لەنێوبردن و سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی نێو تورکیا.

د. کەمال مەزهەر لە کتێبەکەی خۆیدا و رۆڵی کورد لە کوشتاری ئەرمەنیەکاندا بەشێوەیەکی ورد باسی لە چۆنیەتی کوشتارەکە کردووەو ئاماژەی بەرۆڵی بەرفراوانی کورد لەم کوشتارانەدا داوە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا مەسەلەی ئایینی و ناسیۆنالیزم لەسەر بنەمای ئایین بەتاکە هۆکاری دوورکەوتنەوەی هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن لە یەکتری دەزانێت.

دکتۆر زۆر بەباشی بۆ ئەم مەسەلەیە چووە، چونکە هەروەک ئەو باسی دەکات ئەرمەنەکان بەفتوای شێخ و مەلاکان بەغەیرە دین و دوژمنی ئایینی ئیسلام لە قەڵەم دەدران و خوێنیان حەڵاڵ دەکرا.

د. عوسمان عەلی لە وتارێک لەژێر ناونیشانی (السلطان عبدالحميد والكرد، الاولوية الميدية الكردية ١٨٨١- ١٩٠٩)دا لە مەسەلەی کوشتاری ئەرمەنیەکان، دۆستی کورد هەوڵی داوە دکتۆر کەمال مەزهەر بەسەر چیخ لە مەسەلەکان نیشان بدات و دەڵێ: کەوا «ئەرمەنەکان دەستی باڵایان هەبووە لە کوشتاری کوردو لە کۆتایی ساڵانی

سەدەی نۆزدەهەمدا (٦٠٠) هەزار کوردیان کوشتووە»[٣٧] بەڵام لە حەقیقەتدا ئەوەی دکتۆر کەمال مەزهەر دەیخاتەڕوو ئەوە نییە کە کورد بەئاگایی تەواوەوە هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەی ئەرمەنیان دابێت و، بگرە هەرچەندە دکتۆر کەمال مەزهەر راستەوخۆ ئاماژەی پێ ناکات، بەڵام ئەوە دەخاتەڕوو کە: «پێویستە دان بەوەدا بنێین کە هەستی ئایین کوێرانەو دواکەوتوویی دوو هۆی گەورەبوون پاڵیان بەگەلی کوردەوە نا لەکاتی ئەو کوشتارانەدا ئەوانیش هەوڵ بدەن دەستی خۆیان بەکوشتنی کافران سەوز بکەن..»[٣٨]

ئینجا لە نموونەی ئەم رەفتارەی مەلاو پێشەوا ئایینییەکانی کوردی موسڵماندا چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە کە هەر هەموویان باس لە تەسلیم بوونی کورد بەهەستی ئایینی کوێرانە دەکات و دەڵێ: «لەکوشتاری یەکەمدا لە شاری ئورفە، مەلا سەعید ئەحمەد ناوێک لە شێخی دەروێشان بووە بەدەستی خۆی رۆژی (٢٨)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٩٥ «افتتاحی» کوشتاری ئەرمەنی لەم شارەدا کردووە: فەرمانی داوە ئەرمەنیەکی بێ تاوانیان لەبەردەمدا بۆ راخستووەو بەچەقۆ لەبەرچاوی خەڵکەکە سەری بڕیوە.. یان دەڵێ: لەناوچەی وان لە کوشتاری یەکەمدا دوو برا هەبوون بەناوی عەبدولحەمید عەبدولغەفور بەجووتە ٢٠٠ ئەرمەنییان کوشتبوون...»[٣٩]

د. کەمال مەزهەر ئاماژە بەچەندین رووداوی دیکەی لەم چەشنە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دەخاتەڕوو کە هاندەرێکی پاکتاوی نەژادی وەکو دەزگای دەوڵەتی عوسمانی یان جێگرەوەکانیان لە پشت ئەم مەسەلەیەوە بوون، چونکە: «چ کورد و چ تورک و چ نەتەوەکانی تری ئەم ناوچەیە بەر لەو کوشتارانە زۆر دواکەوتوتر بوون و هەستی ئاینیشیان زۆر کوێرانەتر بوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، لە ماوەی سەدان ساڵدا لە نێوان کوردو ئەرمەن یان کوردو ئاسوریدا کارەساتێکی دڵگیر نەک کوشتارێکی وەها رووی نەدا..»[٤٠]

ئەم راستییە ئەوە دەردەخات کە تا ئەوکاتە ناسیۆنالیزمی بنیادنراو لەسەر نەتەوە

(ئەتنۆ ناسیۆنالیزمی کوردی) بوونی نەبووە یان ئەگەر هەش بووبێ یەکجار لاوازبووەو بەرگەی هەستی ئایینی نەگرتووە چونکە هەروەک د. کەمال مەزهەر دەڵێ: «دروشمی مردن بۆ گاوران و ژیان بۆ موسڵمانان لەرێی مەلاو دەرویشانی سیواس و ئورفا خرابووە مێشکی خەڵکەوەو وابلاوکرابۆوە کە کوشتنی ئەرمەنەکان ئەرکی سەرشانی رۆڵەکانی محەمەدە!»(٤١)

کەواتا ئەم رووداوە لەگەڵ ئەوەشدا دەمانخاتە بەردەم ئەو حەقیقەتە تاڵەی کە گومان بکەین لە ناوەرۆکی نەتەوەیی راستەقینەی تێکرای شۆرش و سەرهەڵدانەکانی پێشووی کورد کە بەناوی شۆرشی نەتەوەییەوە لە مێژوودا تۆمارکراون. کاتێک کوردێک کوشتنی ئەرمەنێک بە «غەزا»و جیهاد بزانێت، چۆن دەتوانێت بەرامبەر دەستەڵاتێکی ئیسلامیی وەکو عوسمانی چوارچێوەی فکری نەتەوەیی لەسەر بنەمای نەژادێکی جیاواز هەبێ، یان ئەوەتا لە دژی ئەوە راپەرێت.

وردبوونەوە لە ناوەرۆکی راپەرینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ئەوە دەردەخات کە هەروەک لە پێشترێدا ئاماژەی پێکرا. کاردانەوەیەکی خێرای توێژی ئایینیی سەر دەستەیە بەرامبەر بەنەتەوەیەکی دیکەی هەڵەوەدای ئازادی، نەک شۆرشێکی دیکەی نەتەوەیەکی دیکەیە لە دژی دەستەڵاتی عوسمانی. بەڵکو ئەم کاردانەوەیە تەنها لەنێو توێژی ئایینیدا نەبووە بگرە هەمان کاردانەوە لە ئەدەب و بەرهەمی رۆشنبیری ئەوکاتیشدا رەنگی داوەتەوە، بۆیە حاجی قادری کۆیی دوای رێککەوتنی سەن ئێستێفانۆ دەڵێ:

خاکی جزیر و بۆتان، یانی وڵاتی کوردان
صەد حەیف و صەد مەخابن دەیکەن بەئەرمەنستان(٤٢)

هەروەها دەڵێ:

هیچ غیرەتێک نەماوە صەد جار قەسەم بەقورئان
پەیدابێ ئەرمەنستان، نامێنێ یەک لە کوردان(٤٣)

ئەمە ئەو تێڕوانینە دەخاتەڕوو کە لە روانگەی هەستی ئایینیەوە باشتر وایە کورد ئەگەر هەر ژێر دەستە بێت ژێر دەستەی دەوڵەتێکی موسڵمان بێت. نەک دەوڵەتێکی گاور.

بۆیە هەرچەندە لە بەشەکانی پێشوودا باس لەوەکرا کە ناسیۆنالیزمی کوردی دەتوانێ کاردانەوەیەک بێت بەرامبەر بەناسیۆنالیزمی ئەرمەنی لەناوچەکەداو پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی رۆڵی گرنگی هەبێ لە بێداربوونەوەی نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە، بەڵام شک و گومان لە راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ لە ئارادایە کە بەشێوەیەکی قوڵ پەیوەندی و سەرسپاردەیی ئایینیی کورد بەبابی عالیەوە دەخاتەڕوو. مێژوونووسی بەناوبانگ. دەیڤید مەک داڤل لە کتێبی «تاریخ معاصر کرد»دا ئەم شک و گومانانە بەو شێوەیە دەخاتەڕوو: «بێگومان شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە رێگەی دامەزراندنی «ئەنجوومەنی کورد»ەوە خوازیاری پەرەپێدانی نفوزو دەستڕۆیشتوویی خۆی بووە، بەڵام زۆر بەپارێزەوە دەبێ لەناوەڕۆکی ناسیۆنالیستیی ئەم باسە نزیک بینەوە. لەو بارەیەوە جگە لە تۆمەتەکانی ئۆسقۆف نشینە ئەرمەنیەکان چیدیکەمان لەبەردەستدا نییە. ئەگەر لەراستیدا ئەو ئەنجوومەنە هەبوویێت، هیچ راگەیاندراو یان بەیاننامەیەکی دەرنەکردو هیچ کردەوەیەکیشی لەژێر ناوی ئەنجومەندا ئەنجام نەدا، بەڵام کەلیسا ئیدعای ئەوەی دەکرد کە (بابی عالی) بۆ کپ کردنی دەنگی ئەرمەنیەکان هاریکاریی ئەو ئەنجوومەنە دەکات و بەهێزی دەکات. ئەمە پێ دەچێ راست بێت؛ ئەمە پلانێک بوو کە لە ئەستەنبۆڵ دارێژرابوو (بەرەسمی پشتیوانی لە شێخ عوبەیدوڵڵا دەکرا تا لە بەرامبەردا وەک پارسەنگێک لە هەمبەر مەترسیی ئەرمەنیەکان دەربکەوێ.

بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کە شێخ لە ساڵی (١٨٨٠) دەیویست دایبمەزرێنێت لە ناوچەیەکی وەها ئاڵۆزدا مەیسەر نەبوو. دەوڵەتی عوسمانیش باشی دەزانی کە شتێکی وا لە ئارادا نییە. بۆیە ئەگەر شێخ توانیبای پشتگیریی ئەرمەن و

ئاشورییەکان بۆ لای خۆی راکێشێت کە هەوڵی ئەوەی دەدا، ئەوا لەوکاتەدا واتا کاتێ ئەم دوو گروپە هاوکاریی شێخ عوبەیدوڵڵایان کردبایە، مەسەلەی نەتەوەیی ئەرمەنیەکان وەک خەڵکێکی ژێر پاریزگاریی ئەوروپا لەنێودەچوو. تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی کوردیش دابمەزرابایە، بەناچار دەبوایە ئەم دەوڵەتە سەر بەسوڵتان بوایە.» (٤٤)

هەروەها مەک داڤل دەڵێ: «ئاسم پاشای وەزیری دەرەوەی عوسمانی دەیزانی کە شێخ عوبەیدوڵڵا نەقشەبەندییەکی باوەڕدارە. مەولانا خالید ئەوەی فێری موریدەکانی خۆی کردبوو کە بۆ مانەوەی سوڵتان کە مانەوەی ئاینی ئیسلام بەوەوە بەندە و هەروەها بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی ئاین و مەسیحییەکان و ئێرانیەکان دوعا بکات». (٤٥)

لە جێگەیەکی دیکەشدا ئاماژە بە رۆڵی قارەمانانەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی سوپای رووسیاو ئەو جیهادەی کە شێخ لەدژی رووسی رایگەیاند.

شۆڕشەکانی دوای ئەمەش کە سەرکردەی دینی رابەرایەتیان کردوون، بەهەمان شێوە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت و تەنانەت سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیرانیش، پتر وەکو سەرهەڵدانێکی ئایینی و بەدروشمی گەڕانەوەی خەلافەت پێناسە کراوە تا سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی. ئینجا کامڵ نەبوونی ناسیۆنالیزمی بنیادنراو لەسەر نەتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە شوناسی نەتەوەیی فاکتەرەکان تێکەڵ بەیەکتری بن. بۆ نموونە لە باتی ئەوەی کورد بن بەهاوپەیمانی ئەرمەنەکان و لە مەسەلەی نەتەوەییدا بەرەنگاری عوسمانی ببنەوە و دوژمنی دوژمنم دۆستمە پیادە بکەن، دەچنە پاڵ عوسمانی بۆیەش دەڵێم عوسمانی دوژمن بووە چونکە هەروەک د. کەمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا بەنموونەی هێناوەتەوە، وەرزێرانی کوردو ئەرمەن بەیەک شێوە لەلایەن دەستەڵاتداری عوسمانییەوە چەوسێنەراونەتەوەو غەدریان لێکراوە. (٤٦)

روویەکی دیکەی مەسەلەی کوشتارو جینۆسایدی ئەرمەنیەکان تێڕوانینێکی تورکانەیە لەم مەسەلەیەدا، ئەوەی تا ئێستا باس کرا زۆربەی لە دیدی مێژوونووسانی بیانی یاخود

کوردو ئەرمەنەوە بوو. ئەوەی جێگای سەرنجە دەوڵەتی ئێستای تورکیا ئامادە نییە کارەساتی جێگای جینۆسایدی ئەرمەنەکان وەک تاوانێک قەبوڵ بکات و زۆر بەتوندیش دژی ئەو دەوڵەت و لایەن و رێکخراوانەی مافی مرۆڤ کە سالآنە لە ملاوئەولادان بەوەدا دەنێن کە ئەو کارەساتەی لە سالآنی دوایینی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەسەر نەتەوەی ئەرمەن لە تورکیادا هاتووە جینۆسایدەو دەبێ تورکیا لەبری ئەمە داوای لێبوردن لە ئەرمەنیەکان بکات.

تێڕوانینی رۆشنفکرانی تورکیش لەمبارەیەوە چی وا لە هێ حکومەتی تورکیا جیاواز نییە (ئیلبەر ئۆرتایلی)ی نووسەرو توێژەرەوەی بواری مێژووی تورکیا لە گۆڤاری (پۆپیلەر تاریخ)ی ژمارە (٩)ی سالّی (٢٠٠١) لە گوتارێکی تێرو تەسەل لە بارەی ئەوەی کە (بۆچی ئەرمەنیەکان کۆچێندران)دا، لەو باوەڕەدایە کە کۆچپێکردن (نەک جینۆساید)ی ئەرمەنیەکان زەروورەتێکی مێژوویی بووە. نووسەر لە دوو توێی بابەتەکەیدا هەوڵیداوە بەدرێژی باس لە هەلومەرجی ئەوکاتی تورکیای عوسمانی و بارە نالەبارە بکات کە تورکە لاوەکان چ لەرووی نێودەوڵەتی و چ لەرووی نێوخۆیی تێدا بوونە.

ئۆرتایلی دەڵێ: «کۆچاندنی ئەرمەنییەکان لە سالّی (١٩١٥) بۆ بەرگرتن لە ئەگەری سەرهەڵدانێک نەبووە، بگرە بڕیاری کۆچاندن بە زۆرەملێ بەحەقیقەت کاردانەوەیەکی گونجاوبوو لە بەرامبەر ئەو سەرهەڵدان و خیانەتەی کە ئەرمەنیەکان ئەوکاتە لە تورکیایان کرد. بۆیە ئەو بڕیارە لە رۆژی خۆیدا و بەپێی مەرجەکانی ئەوسا، بڕیارێک بوو کە هەر کەسێکی دیکەش حوکمی تورکیای کردبایە دەبوایە هەر بیدات». [٤٧]

# بەڕەسمی ناسینی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان

ئەپریلی ٢٠٠٢

٣ کەس لە ئەندامانی پەرلەمانی ئێران پشتگیری خۆیان لە بەڕەسمی ناسینی جینۆسایدی ئەرمەنیەکان ڕاگەیاند.

سیپتەمبەری ٢٠٠١

پاپا ژان پۆلی دووەم و گارگینی دووەم (ڕێبەری ئایینی ئەرمەنیەکان) لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا جینۆسایدی ئەرمەنیەکانیان لەلایەن عوسمانیەکان مەحکوم کرد.

نۆڤەمبەری ٢٠٠١

پەرلەمانی ئیتالیا جینۆساید، ئەرمەنیەکانی ساڵی (١٩١٥) مەحکوم کردوو بەڕەسمی ناسی.

نۆڤەمبەری ٢٠٠٠

یەکیەتیی ئەوروپا بەڕەسمی ناسینی جینۆسایدی ئەرمەنییەکانی کردە مەرجێک بۆ ئەندامیەتیی تورکیا لەو یەکیەتیەدا.

کانوونی دووەمی ٢٠٠٠

ئەنجومەنی سینای فەڕەنسا بە زۆرینەی دەنگ جینۆسایدی ئەرمەنیەکانی بەڕەسمی ناسی و لە کتێبی کۆماریدا تۆماری کرد.

ئازاری ٢٠٠٠

پەرلەمانی سوید بەرنووسی پەیوەست بەرووداوی جینۆسادی ئەرمەنیەکانی کردە یاسا.

ئازاری ١٩٩٨

ئەنجومەنی سیناتی بەلجیکا بەرنووسێکی سەبارەت بەرەسمی ناسینی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن تورکیای عوسمانی بەڕەسمی ناسی.

نۆڤەمبەری ١٩٩٧

ئەنجوومەنی میران داوا لە پەرلەمانی ئیتالیا دەکات جینۆسایدی ئەرمەنیەکان لەلایەن تورکیای عوسمانی بەرەسمی بناسیت.

حوزەیرانی ١٩٩٧

ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی لێکۆڵەرەوانی جینۆساید لە دووەم دانیشتنی خۆی لە مۆنتریالی کەنەدا بەزۆرینەی دەنگ بەرنووسی یاسای جینۆسایدی ئەرمەنیەکانی لە (١٩١٥) لەلایەن تورکیاوە بەرەسمی ناسی

و حکومەتی تورکیای مەحکوم کرد.

حوزەیرانی ١٩٩٧

ئەنجوومەنی شارەوانی لیۆنی فەرەنسا داوای لە فەرەنسا کرد جینۆسایدی ئەرمەنیەکان بەرەسمی بناسێت.

نیسانی ١٩٩٧

ئەنجوومەنی گەورەترین ویلایەتی ئوستورالیا بەناوی جینۆسات ویلز داوای لە حکومەتی ئوسترالیا کرد جینۆسایدی ئەرمەنیەکان بەرەسمی بناسێت و رۆژی ٢٤ی نیسان وەک رۆژی جینۆسایدی ئەرمەنیەکان وەک ساڵوەگەڕی قەتلوعامی نەتەوەیەک قەبوڵ بکات.

نیسانی ١٩٩٧

ئەنجوومەنی لوبنان رۆژی ٢٤ی نیسانی وەک رۆژی هاودەنگی لەگەڵ ئەرمەنیەکان راگەیاند و ئەم قەتلوعامەی مەحکوم کرد.

ئەبریل ١٩٩٧

ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا پێشنووسی پەیوەست بەکەمکردنەوەی هاوکاریی دارایی ئەمریکا بۆ تورکیا لە (٢٥) ملیۆن دۆلارەوە بۆ (٣) ملیۆن دۆلار پەسند دەکات و، پاشگەزبوونەوە لەم بڕیارە بەوەوە مەرجدار دەکات کە تورکیا قەتلوعامی ئەرمەنیەکان بەرەسمی بناسێت.

ئەبریلی ١٩٩٦

پەرلەمانی یۆنان قەتلوعامی ئەرمەنیەکان مەحکوم دەکات و بەپێی بڕیارێک رۆژی (٢٤)ی ئەبریل وەک رۆژی (قەتلوعامی ئەرمەنیەکان بەدەستی تورکیا) رادەگەیەنێت.

ئەبریلی ١٩٩٦

پەرلەمانی کەنەدا هەشتاو یەکەمین ساڵوەگەڕی قەتلوعامی ئەرمەنیەکانی بەدەستی تورکیا مەحکوم کردو رۆژانی (٢٠) تا (٢٧)ی هەموو ساڵێکی بە (ساڵوەگەڕی کرداری نامرۆڤانەی مرۆڤەکان لە دژی یەکتری) لە قەڵەم دا.

ئەبریلی ١٩٨٥

پەرلەمانی ئۆرۆگوای قەتلوعامی ئەرمەنییەکانی لەلایەن تورکیاوە مەحکوم کردو داوای لەو وڵاتە کرد قەتلوعامەکە بەرەسمی بناسێت و دانی پیدابنێت.

ئەبریلی ١٩٩٥

دۆمای رووسیا کوشتاری ئەرمەنیەکانی وەک قەتلوعام قەبوڵ کرد.

ئازاری ١٩٩٥

پەرلەمانی سویسرا قەتلوعامی ئەرمەنیەکانی مەحکوم کرد.

نۆڤەمبەری ١٩٩٤

ئەنجومەنی شارەوانیی (بۆینس ئایریس)ی پایتەختی ئارژانتین بابەتی قەتلوعامی ئەرمەنییەکانی خستە نێو وانەکانی خوێندنی مێژووییەوە.

ئەبریلی ١٩٩٠

پەرلەمانی (قوبرس) بڕیاری مەحکوم کردنی قەتلوعامی ئەرمەنیەکانی پەسەند کرد.

حوزەیرانی ١٩٨٧

پەرلەمانی ئەوروپا قەتلوعامی ئەرمەنیەکانی مەحکوم کردو داوای لە هەموو ولاتانی ئەوروپایی کرد کە زۆری ٢٤ی ئەپریل بکەنە ساڵوەگەڕی قەتلوعامی ئەرمەنیە و یادی بکەنەوە.

ئابی ١٩٨٥

کۆمسیۆنی لاوەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێن کوشتاری ئەرمەنییەکان مەحکوم کردو وەک جینۆسایدی لە قەڵەمدا.

حوزەیرانی ١٩٨٥

پەرلەمانی ئارژانتین جینۆسایدی ئەرمەنییەکانی مەحکوم کرد.

ئایاری ١٩٨٥

پەرلەمانی ئۆرۆگوای جینۆسایدی ئەرمەنیەکانی مەحکوم کرد.

ئەیلولی ١٩٨٤

ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا داوایان لە سەرۆکی ئەمەریکا کرد کە رۆژی ٢٤ی ئەبریلی ١٩١٥ وەک رۆژی نیشتمانیی تاوانی مرۆڤ بناسێنێت.

ئەبریلی ١٩٨٤

دادگای هەمیشەیی نەتەوەکان لە پاریس تورکیای لە جینۆسایدی ئەرمەنیەکان بەرپرسیار زانی و داوای قەرەبوون لێ کردەوە.

کانوونی دووەمی ١٩٨٤

فرانسوا میتران (سەرۆکی کۆچکردووی فەرەنسا) تورکیای بەجینۆسایدی ئەرمەنیەکان تاوانبار کرد.

## پەراوێزەکان


١- تاريخ ارمنستان، هراند پاسدر ماجيان، لاپەڕە ١٢.
٢- هەمان سەرچاوە.
٣- گ ئارتزرۆنی، کتێبی باری ئابووری ئەرمەنیەکان لە تورکیا، چاپی ١٨٨٥، سەن پترسبۆرگ.
٤- F. Macler تاريخ قرون وسطای کمبریج، جلد چهارم، بخش ارمنستان.
٥- تاريخ ارمنستان، هراند پاسدر حاجيان، ل١٨.
٦- زمان زرتشت.
٧- ف. نانسن، سرزمين ارمنستان،
٨- تاريخ ارمنستان، هراند پاسدر ماجيان، هەمان لاپەڕە.
٩- تاريخ ارمنستان، هراند پاسدر ماجيان، لاپەڕە ١٠٢.
١٠- هەمان سەرچاوە.
١١- ف. ماکلر، چهار خطابه درباره ارمنستان، چاپ ١٩٣٢، پاريس.
١٢- ژاک دومورگان، تاريخ ملت ارمنی، چاپ ١٩١٩ پاريس.
١٣- ه. ابيش، از ورای خاک قفقاز، چاپ ١٨٩٦، وين، جلد أول.
١٤- ژاک دومورگان، تاريخ ملت ارمنی، چاپ ١٩١٩ پاريس.
١٥- هەمان سەرچاوە.
١٦- هەمان سەرچاوە.
١٧- ف. نانسن، سرزمين ارمنستان.
١٨- هەمان سەرچاوە.
١٩- F. Macler، تاريخ قرون وسطای کمبريج، جلد چهارم البخش ارمنستان.
٢٠- هراند پاسدر ماجيان، تاريخ ارمنستان، ص١٣٤.
٢١- ا. دۆلۆریە، کتێبی جامعه ارمنی معاصر - چاپ پاريس.
٢٢- و. لانگوا. مجموعه مورخان قديم و جديد ارمنستان.
٢٣- هراند پاسدر ماجيان (تاريخ ارمنستان). ل١٣٧.
٢٤- سبەئوس، تاريخ هراکليوس، ترجمەی مالکر، چاپ ١٩٠٤پاريس صفحه ١٣٣.
٢٥- اخا. واندال، ارامنه واصلاحات ترکيه، ص٣٤.
٢٦- ا. فون هاکستاوزن، ماورای قفقاز، چاپ ١٨٥٦ الاينريگ، جلد اول.

٢٧- ک. نۆرمەن - ارمنستان وجنگ ١٨٧٧، ص٢٧٣ .
٢٨- اسناد پارلمانی ترکیە، شمارە (٥) (١٨٨١) نامەکلیتن بەتراتر باش قلعە. ١١ ژوئیە ١٨٨٠، پیوست نامە شمارە (٧).
٢٩- ک . ساسونی. کورد و ئەرمەنەکان. ١٩٢٩-١٩٣٠ .
٣٠- هراند پاسدر ماجیان، تاریخ ارمنستان. ص٣٩٥ .
٣١- تاریخ ارمنستان، هراند پاسدر ماجیان، ص٤٠٨.
٣٢- سەرچاوەی پێشوو.
دەڤید مەک داڤل لە (تاریخ معاصر کرد) بەشێوەیەکی دیکە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێ کەوا لە ١٨٩٢ وە ژمارەیەک لە هانچاکەکان ماوە ماوە بۆسەیان بۆ کوردەکان دەنایەوەو دەیانکوشتن و لە ١٨٩٤ شەڕ لە نێوان قایمقام و ئەرمەنیەکان لەسەر نەدانی باج و خەراج دەستی پێکردو لە ئاکامدا نزیکەی (١٠٠٠) ئەرمەنی کوژران. ص١٣٠ .
٣٣- هراند پاسدر ماجیان، تاریخ ارمنستان. ص٤١٥ .
٣٤- هەمان سەرچاوە.
٣٥- کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، دکتۆر کەمال مەزهەر ل١١٠.
٣٦- هەمان سەرچاوە. ل١١٠-١١١ .
٣٧- گۆڤاری ئاڵای ئیسلام - ژمارە (٣) ١٩٩٣، ل٣٧.
٣٨- کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، دکتۆر کەمال مەزهەر ل١١٨.
٣٩- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١١٥-١١٦ .
٤٠- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١١٨ .
٤١- هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٢٠ .
٤٢- کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی. ل٥١ .
٤٣- هەمان سەرچاوە.
٤٤- تاریخ معاصر کرد - دیوید مک داول. ص١٢٦ .
٤٥- هەمان سەرچاوە، ل١٢٦-١٢٧ .
٤٦- کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، دکتۆر کەمال مەزهەر ل٩٥ .
47- popler Tarih dergisi - ocak 2001 - Sayi 8 . ilber Ortayli 8. 42.